# سێوی سوور

## شیعر



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

هیوا قادر

# سێوی سوور

شیعر



ناوی کتێب: سێوی سوور
شیعر: هیوا قادر
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٨١
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: دڵشاد مستەفا
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: حاجی دلاوەر
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم ، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٠٨)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

## تێبینی

سەرەتا سادەکانی ئەزموونی شیعریی من لە دیوانی "چاوەزەردەکانەوە" دەست پێ دەکات کە لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەچەند ژمارەیەکی کەم لە کوردستان چاپ کرا. بەپێویستم نەزانی ئەو شیعرانە لەم دیوانەدا دابنێم چونکە زۆرینەیان بڵاوکراونەتەوە و هەندێکیشیان کراونەتە تێکستی گۆرانی. کۆی ئەم بەرهەمانە کە قۆناغی یەکەمی شیعریی من پێک دەهێنن لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٥ تا ١٩٩١ نووسراون.

قۆناغی دووهەم: هەردوو نامیلکە شیعری «کڵاوەکەم پڕە لە باران و گوڵ» کە دوو قەسیدەی درێژی من و هاوڕێم "ئیسماعیل حەمە ئەمین" بوو لە ساڵی ١٩٩٤ لە ستۆکهۆڵم چاپ کرا، هەروەها نامیلکەی «کیشوەرێک لە خەون» ١٩٩٨ لە ستۆکهۆڵم چاپ کرا. ئەم بەشە هەڵبژاردەی بەرهەمە شیعرییەکانی نێوان ساڵانی ١٩٩٢/١٩٩٨ ن.

قۆناغی سێهەم: نامیلکەیەکی نوێیە بەناوی «ئێوارە دەڕوا و من لە جۆگەلەی ڕەنگدا دەخنکێم» ، کە پێشتر چاپ نەکراوە، کۆی ئەو شیعرانە دەگرێتەوە کە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٨-٢٠٠٠دا نووسراون. هاویار لەگەڵ ئەم قۆناغەدا نامیلکەی (سێوی سوور) ، کۆی ئەو شیعرانەم دەگرێتەوە کە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١/٢٠٠٤ نووسراون تا مێژووی چاپکردنی ئەم کتێبە.

***هیوا قادر***

# کڵاوەکەم پڕە لە باران و گوڵ

١٩٩٤

## بۆنی دەریا لە ژێر باڵی
## نەورەسەکاندایە

بەفرەکە دەچێتەوە:
گەردی خۆڵ ئاڵ دەبێ،
قەرسیلان شین دەبن
گژوگیا سبەینان خوناو لە پەلکیان دەچۆڕێت،
هەنگ گەندەمووی درێژ دەبێت
«با» بۆ و هەناسەی ژێر بڕکی ئەو ڕووەکە
ئەفسانەییانە لەگەڵ خۆی دەهێنێ
کە مەرگ بە درۆ دەخەنەوە.
خۆر لەسەر بەرماڵی سەوزی گەڵا
نوێژ دادەبەستێت،
تەممەڵی لەژێر سێبەردا دەخەوێت
قەند لەژێر داندا دەکرمێت
دەنکە تەزبیحەکان کاتی بەفیڕۆ دەژمێرن
ماسییەکان دەم لە توێی ئاو دەدەن
چەمەکان کە پێ دەکەنن
زبخی بنیان دەبریسکێتەوە.
بەفرەکە چۆتەوە؛
خۆر لانەی بە پووشی گەرما چنیوە
گوێمان لە خاوبوونەوەی ترپەی دڵی زەوی دەبێت
کە کرم لە دەمارەکانیدا لوول دەخۆن،



لە تۆزدا غەرق دەبین
تۆزی غەریبی لە سیمامان دەنیشێت.
گوێ لە کۆکە و هەناسەی خۆڵاوی
سەر گەڵای شاتووەکان دەگرم؛
لە گۆمی سەرەمێکوتەکاندا
ئەسپە ئێسقان دەرپەڕیوەکان دەشۆین.
ئێواران ئاڵای کشاوی ئەنگۆرە
بەدەم قیرەی قورباقەوە
بەسەر نووکی قامیشەڵانەکانەوە دەبینم
کە قوڕنگان قەتارەی پیا دەبەستن.
لە جەستەی خاری باپیران دەڕوانین
بەدەم مێروولەکانەوە دێنە دەرێ؛
لە تەنهاییدا وەک کار دەگریم
دەڕۆین
دەڕۆین بێ ئاوڕدانەوە
هەرێزە سەوزەکان بە پەنجە کۆڵەکانمان دەشێلین،
تووتنی تەمەنم
بە سەبیلی بێ ئومێدی دەکێشم
باڵام لە سەرابدا نقوم دەکەم
لە دووکەڵی ئەفیووندا لە چۆلەکە دەچم
هەموومان لە چۆلەکە دەچین
لەو داوەڵە دەترسێین کە یاسای دارستان
پێی دروست کردین
لە برسێتیدا ئیشتیهای هێلکە و ڕۆنی خۆر دەکەین.

هاوڕێی سەفەری سنووره قەوزە پۆشیوەکان
بۆی گێڕامەوە
ئەو بۆی گێڕامەوە
کە پێکەوە ڤۆدگا و ئاوی خەیارمان
دەدا بە پۆلیسەکانی سەر سنوور؛
ئەو بۆی گێڕامەوە:
سێ کەس و گوێدرێژێک بووین
زەنگیانەیەکی پچڕاو لە ئاوایی وێران و
شاخی قوچ و تاوێر و گاشە بەردی بێ دەنگ بووین.
سێ کەس و گوێدرێژێک بووین
نیشتیمان بەسەر پشتی ڕووتی گوێدرێژەکەوە بوو
ئاواییەکان تا باڵامان دڕک و داڵ بوون،
شەوانە دەچووینە بەر قاپی مزگەوت،
مەلاکە وەک جاران نەیدەوت:
ئێرە گلاو مەکەن!
قاژی مانگی سەر گومەزە تەپیوەکە
لەژێر بنچکی دڕکەکاندا
غەریبی ئەستێرەکانی ئەکرد.
لەو دیو دەرگای ڕاکشاوی ماڵەکانەوە
خانەخۆی نیشتمان بوو،
جیرەی پەنجەرە شینەکان نەدەهات
لەبەر شەماڵی ئێواراندا
بۆنی مێینە نەدەکرا لە ترازانی شەبەقدا
لە تەنهاییدا وەک گورگ لوورەمان لەگەڵ تریفەدا دەڕژا.



وەک شاعیرانی سەردەمی خۆشەویستی
لە ئاوێنەی جیوەڕژاوی مانگدا
بیرمان لەو عاشقانە دەکردەوە
کە پەنجە تێکەڵاوبووەکانیان
خونچەی شەهوەتی تیا دەپشکوێ،
لە پەنجەرەی ئەو کۆشکە بێ ئاگایانەوەی
کە بێ دەوا ڕوناکی مانگیان پیا تێپەڕ دەبوو.
شەوانە لە بێ دەنگیدا ئەستێرەکان دەڕژان
پریاسکەیەک ئەستێرەمان لە بەرپێی
نیشتماندا هەڵدەڕشت؛
لە چاوی بێ برژانگی یەکترمان دەڕوانی
وەک کار دەگریاین.
بلووری چرای ئاواییەکان شکابوون
حەپەی سەگ نەدەهات.
گلۆنکەکان نەدەلەرینەوە،
دەنگی ڕژانی شیری گوانی مانگاکان نەدەهات
لەناو مەنجەڵی ژێر دیوارە ڕووخاوەکاندا.
گوێسوانەکان لە ئاست تارمایی زەویدا بوون،
ئێسکی ماسیەکان بە دیار حەوزە شکاوەکانەوە دەگریان
پوولەکەکانیان وردەشووشەی شکاو بوون
بەسەر بەردە وشکەکانەوە
دەچەقینە پێی «با»
گڤەیەک لە نائومێدییەوە
بەسەر پێی دەشتەکانەوە ئەکشا.

گۆچانی شوانەکان لە چاوەڕوانیدا
ملیان ڕێک بووبووەوە و دەیانڕوانی.
باپیرانمان هاتبوونەوە ناو ئەشکەوتەکان
سمێڵیان بە چەوری ناوچەوانیان بادەدا؛
لە وەحشەتی تەنیاییدا دەچووینە مەغریبسانەکان
مردووەکانمان بەخەبەر دەهێنا؛
ئەو کچەی بە سیل مردبوو
گازندەی ئەکرد:
خۆڵ خنکاندوومی بۆ ئاوڕێشێنێکم ناکەن!؟
ئێسقانی قوربانیەکانمان
هەڵدەڕشتە سەر کۆشی نیشتمان
فیشەکی ژەنگبردووی ئێسقانەکانی دەرئەهێنا!
لە تەنهاییدا کرمی ناو کەللەی خۆمان دەتەکاند
دەیانوت برووسکەی مەرگی ئێوەمان پێ نەگەیشتووە!
«پیساییمان لە خودە بەجێماوەکانی سەربازەکاندا ئەکرد»
ئێرەییمان بە باڵی سەوزی ئەو مێشانە دەبرد
کە لە سەری هەڵدەنیشتن.
هاوڕێی سەر سنوورە قاچاخەکان
پێم دەڵێ: بۆ هاتیت؟!
دڵەکان وەک  هەنار لە بەرچینەی ئەو ڕۆژانەوە دەکەوتن
نوورێکی سوور بە شەقامەکاندا دەپڕژا
زەمانی ئەو ڕۆژانە ئاوی مەرگی تێ دەزا،
بۆنی بارووت خۆشترین بۆن بوو
بە مووی لەشمانەوە جێ دەما



کچە قەیرەکان لەو دیو پەنجەرە شینەکانەوە
ماچیان بۆ هەڵدەدایین،
لاسکی ئەو گوڵانەیان بەسەرماندا دەباراند
کە بەختی خۆیان بە لێ کردنەوەی پەڕەی گوڵەکان دەژمارد؛
یادگاری سەر ئێسقانەکانمان بۆ سەرقەدی درەختەکان بردەوە
ئەو ڕۆژانە خەونێکی بڕسکاوبوون
لە هەڵاڵەی گوڵە شیلانەکانەوە ترووکان.
هەورەکان لە ڕەنگ و سیمای خۆمان دەچوون،
منالێک لەسەر مانگەوە بەردەقۆچانی
دەگرتە سەرلەوحی سەرمان، باوەڕمان نەدەکرد
شەرممان دەکرد لە شەقامە خوێناوییەکاندا میز بکەین.
من پەپوولە پاییزەی سەر دڕکی ئەو گوناهانە بووم
کە بای نەهامەتی لەگەڵ خۆی بردمی،
پۆلیسێکی خەواڵووی سەر سنوور
بۆنی ماچ و شەهوەتی وشک و ڤۆدگای بەخشیشی لێ دەهات
پێی وتین: تەنها باڵدارەکان باجی سەر سنوور نادەن؟!
لە ئاسمانی تەلبەندە دڕکاوییەکانەوە
باڵدارەکان بە پێچەوانەی پەڕینەوەی ئێمەوە دەهاتن!
ئەو ڕۆژە تەڕانە مانگ لە خۆڵەمێشی باڵی پەرییەکاندا
هێلکەیەکی برژاو بوو،
ئێسقانی شەهیدەکانمان سارد نەبووبونەوە
بەردەکان دەنگی خرمەی پێی هەڵاتنمانی دەمژی
کوێرە ڕێگاکان چاوساغ بوون،
ملمان لەژێر کۆڵترین تەوری جەللاددا دەپەڕی

سروشت بوو،
بارانەکە گوڵی دارهەڵوژەکانی ئەوەراند و
سواری پشتی درێژکۆلەی جۆگەلەکانی ئەکردن،
دەڕژانە ناو گۆڕی مناڵەکانەوە.
پەریبیەکانی ئاسمان
بەبێ نوور
بەبێ مووجیزە
لەگەڵماندا ڕێیان ئەکرد،
باڵیان دەچەقیە ئەو قوڕاوەی
کە پێغەمبەرەکان ڕووتی خۆیانیان پێ دەشاردەوە؛
با فووی دەکرد بە کەڕەنای جەنگدا
جەنگی دەستەویەخەی ئاو بوو لەگەڵ ئاودا،
ئاشتی مەرگ بوو لەگەڵ مەرگدا
ڕێگاکان بە تەڕی دەزان
سنوورەکان جەستەی مردوو بوون
دەکشان و نەدەهاتنەوە یەک،
فەلسەفەکان لەژێر باراندا
دەبوونە دەرپێی ئەو پیرەژنەی
کە دەیویست بە ڕووتی بمرێت.
حافزەکە فرمێسک لە چاوە کرمۆڵەکانی دەباری
بۆ گۆچانێک دەگریا دەستی بگرێت.
دایکم خەونی بە مژینی پرتەقاڵێکەوە دەبینی
تا بۆنی دەمی،
تێکەڵ بە بۆنی دوا ماچەکانی مەرگ نەبێت.



بارانەکە بۆنی ئاوی دوای شۆردنی مردوویەکی بێ کەسی لێ دەهات،
تەرمی بووکەبەبارانێکان بە کۆڵمانەوە بوون
کە بەلافاوی باران خنکان.
ئێمە پێش قرچەی دارەتەڕەکان دەسووتاین،
مینەکان پەردەی هەناومانی دەتەقاند.
لەناو تەمی هەناسەماندا دیار نەبووین
جگەرە تەڕەکان ئێمەیان دەکێشا
لە بن بەردەکاندا
لە قرچەی ئەو ئاگرە شینەمان دەڕوانی
لە بەرزبوونەوەدا وەک خەونەکانمان سوور دەبوون.
لە ئاوێنەی دڵۆپە بارانێکدا
قژێکی خاوی سەوز دەبینم
کرمەکان خەونی گۆڕستانیان بۆ گێڕامەوە
لە جەهەنم دەچوو،
چەمێکی هەڵچوو بۆنی گوڵی وەریوی
درەختە بەردارەکانی لەگەڵ خۆی برد،
کلوەبەفرێک باسی ڕدێنی خوای ئەکرد،
لە قرچەی سووتانی درەختێکدا
شیلەی دەنگی باڵدارەکان دەسووتا
پەپوولە پایزەکان بە چقڵی ئەو دڕکانەوە دەنیشتن
کە بەسەر گوپکەی دڵمەوە بوون.
«مەرگ بە باران ئاوس بوو»
گەلە سەربازی دوای جەنگێکی دۆڕاو بووین
ئەسپە پێکراوەکانمان لەسەر شان نا

نالەکانمان بە ناوچەوانەوە کرد
تاجەکانمان لەسەر شاخەکانەوە گلۆر کردەوە
دەستبەرداری پادشایەتی مەملەکەتەکانی خەون بووین.
منالەکەی سەرمانگ کە بەردەقۆچانی
دەگرتە سەر لەوحی سەرمان، باوەڕمان پێ نەدەکرد،
لە پێخەفی تریفەدا خەونیەبینی؛
لە بانیێیەکدا خۆم دەشۆرد
پڕبوو لە کەفی تریفە
لە دارەمەیتێکدا مانگێکی چواردە
بە پۆپەشمینێک داپۆشرابوو بۆنی نێرگزی لێ دەهات؛
مەلایەک دوای پێشنوێژی
تەلیلەی بە تەزبیحێک دەکرد، دەنکەکانی ئەستێرە بوون
ئەنیشکی لەسەر پشتەیەکی پەڕ بوو
تۆڕێک باڵندە تیایدا دەیجریواند!!
ژنێک مایەی دەنا بە تەنووری خۆرەوە،
منالەکان هەڵماتێنیان
بە یاقووتی تاجی پادشاکان ئەکرد،
میوە بەهەشتییەکان لەبەر دەرگای جەهەنمدا دەبەخشرانەوە،
شەپۆلی پەلە گەنمەکان
لەنگەریان بە باڵی چۆلەکەکان ئەگرت
بەرەو دوورگەی زاوزێ،
داوەڵەکان دەنکە گەنمە سەوزەکانیان بە دەنووکی زەرنەقوتەکانەوە ئەکرد.
گوڵە کێویلەکان ڕەنگی خۆیان بە یەکتر دەبەخشی
بۆنی خۆیان دەدا بە دڵۆپە بارانەکان.



دایکم هەردوو بەرزایی سنگی
دوو بەرچنەی پرتەقاڵ بوون.
کلاوکلاوێنمان بە ئەموستیلەی سەوزی ئادەم و حەوا ئەکرد
لەژێر سەرپۆشی هەورەکاندا دەمانشاردەوە
خوا کە پێدەکەنی دانەکانی دەردەکەوتن
گوڵ... گوڵ
گوڵ نەبوو خەون بوو
تەقینەوەی مینێک بوو بە باڵما تەقی،
ئەم جیهانە قەفەزێکی تەنگەبەرە
جێگای باڵم نابێتەوە.
ئەم کەنارە قەوزەی ڕەش و سکی هەڵگەڕاوی ماسی
تۆڕە دڕاوەکان و قولاپە ژەنگاویەکانی لێیە؛
کەشتییەکان دەهاتن
نەهەنگەکانی سەر ئاو دەهاتن
ماسییە وردەکانی گەروویان دەفرۆشت
ئێمەش ئاوی خەیار و ڤۆدگامان
لەژێر سێبەری دارکەستانەکاندا نۆش دەکرد؛
ڕاوچییەک لە کەنارەکەدا نەهەنگێکی بەستبوۆە؛
من و هاوڕێکەم خەوەنووچکەی کەنارمان دەژمارد
کە نەهەنگەکە باوێشکی دا ئێمە چووینە گەروویەوە.
من غەریبی شەقامەکانم کرد
هاوڕێکانم لەگەڵ هەڵدانی پیاڵە چای
ڕەش و خەستی چایخانەدا باسیان دەکردم
لەناو زرەی پێکەکانیاندا بەدوامدا دەگەڕان.

خوات لەگەڵ ئەی نیشتمان
ئەی هاوڕێیانی ناو کۆڵانە خوێناوییەکان
گوڵە شیلانەکان، ئەردی پەیامبەرە درۆزنەکان
خواتان لەگەڵ
جانتاکەم پڕە لە پەپوولە پایزە
پاڵتۆکەی بەریشم گەندەمووی ئەو کۆترانەی پێوەیە
کە لە سەفەری جەهەنم نەگەڕانەوە.
دەریا بەشەپۆلەکانی پشتی ئەخوراند
وەک دڵۆپێکی حەرام، وەک کێچێک
لەتوێی شەپۆلەکاندا کەفێکی تفت بووم؛
هەمان دوا مووڕووی عەشقی باران بوو
هەمان هەستانەپێی دەریا بوو
لەو دیوو پەنجەرە تەماوییەکانەوە کلاوەکەم پڕئەکرد لە باران و گوڵ
بە قەیاغەکانی خەیاڵ ختۆکەی دەریام دەدا
باران...
دەریا...
سنوورەکان.
وەک پەیامبەرە درۆزنەکان
ماکە سروشتییە دڕەکان
ئەو باوکانەی دەستیان هەموو بالووکە بوو
ڕاوچیە سیرە گرتووەکان،
دۆستی ئەو سۆزانییانە بوون
کە یەکەم تۆوی هەرزەکارییان مژیم
نەفرەت لە هەمووتان؛



لەسەر شۆستە ساردەکانی بەهەشت ڕشامەوە
پەپوولە پایزەکانی جانتاکەم
فڕینە ناو درزە شەق بردووەکانی سەهۆڵی دەریاوە
لەگەڵ کلووەبەفرە چڵکنەکاندا بەسەر چەترەکاندا بارین
دووکەڵی جگەرە و هەڵمی قاوەی گازینۆکان خنکاندیانن
لەناو قاقای بووکەشووشەکاندا ون بوون
ماڵ ئاوا
من بۆنی دەریاکانم لەژێر باڵما هەڵگرتووە
ماڵ ئاوا
ماڵ ئاوا.

ستۆکهۆلم بەهاری ١٩٩٤

## کیشوەرێک لە خەون

## هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی

١٩٩٨-١٩٩٢

# منداڵێتی خەون

....

# کیشوەرێک لەخەون

.... گەشتی یادوەری و لێپێچینەوەی زەین بۆخۆی کیشوەرێکە لە خەون و خەیاڵ، ئامادەترین پارچەی زیندووش قۆناغی منداڵێتییە بەهەمـوو ئەو فەزا جیایانەی کە لە خۆی دەگرێت؛ لێ گەڕانەوەش بۆ ئەو یادوەرییانەی منداڵێتی بۆ خۆی ئەزموونێکی دەستەبەرە لەلای نووسەر، چونکە خەون لەو سـوورگـەی تەمـەنەدا هێندە باجی قـورسکراو بەلۆژیک و یاسـا کۆمەلاّیەتییەکان نایگرێتەوە، دنیای گەورەش ئەو کات ناتوانێ بەپێلاّوە تۆزاوی و گوناهبـارەکـانیـەوە بەڕاستـەوخـۆیی بچێـتـە ناویەوە، ئەگـەرچی هەمـوومـان تا ئەندازەیەک ئەو پێـلاّوە پیـسـانە ئەو دنیـا بێ گـوناه و بێگەردەی شـێـلاوین، داکـۆکی کـردن لەو دنیـایەش لەگـەڵ گـەورەبووندا دژوارتردەبێت، باج دانیش بۆ مانەوەی و پاراستنی هەڵبەت قورسترە.

چەندە بێ حیکمەتییە گۆڕینەوەی دنیای منداڵی، بەگۆڕینەوەی یەقین و ئاوەزی گـەورەیی بۆ فـەناکـردنی. لەگـەڵ نەمـان و وێڵ کـردنی ئەو دنیـایەشدا، یان ڕاسـتـرە بلـێم لەگـەڵ تێکدان و پەرش و بلاّوکـردنەوەو تێکشکاندنی ئەو پەرژینانەی دەوری خەونەکانی دنیای منداڵیدا.. ژیان مانایەکی نامێنێت بۆ خەوبینین، بۆ شاگەشکەبوون و ڕاچەنین و فڕین.

تەنها تێڕوانینی منالّییە دوورە لە دووبارەبوونەوە قێزەونەکانی ڕۆژانە.. هەرئەوە لە هەمـوو جوولّەیەکی ژیاندا بەنیـگا و تێـڕوانیـنێکی نوێـوە دێتـە



پێـــشێ.. دەنا دووبـارەبونەوەکـــان لەودیوو ئەو سنوورەوە ژەهراوین و تێکدەرێکی بێ ڕەحمن.

لە سیلەی منداڵێتیدا دنیا جۆرێکی ترە، خەوبینین گەرمی و شیرینی و ڕەنگینی خۆی هەیە.. لۆژیک درۆیەکە بەرامبەر منداڵێتی خەون دەکرێت.

تەنها منالّێتییە لە ڕۆخ جەهەنمە بەدیهێنراوەکانی ئینساندا توانای خەو بینینی هەیە؛ خەوبینین لەناو جەهەنمدا کوشتنی منداڵێتی خەونە؛ منداڵی کاتێک دەچێتە جەهەنمەوە کەخەونەکانی پووچ و بێ ماناەکرێنەوە و ئەو تروسکەیە دەکوژێتەوە.

هەموو دەسەلاّتەکانی ئایدۆلۆژیا.. دیین.. هێز و لۆژیکە ئاسنینەکانیان، هەمـوویان دروسـتکراوی ئاوەزی گـەورەبوونن یان گـەورەکـانن، ئەوانەی چیدی ڕاوی منداڵێتی خەونیان بۆ ناکرێت، ناتوانن ئەو دنیایە داگیربکەن؛ ئەگـەر بەبڕوای ئاوەزەوە پێش هەرشت باخـچـەکـانی منداڵێـتی خـۆیـان نە شێلابێت.

گـەر خـوا دەسـتـبـەرداری منداڵی خـەونی خـۆی نەبووایە، یان پەژیوان نەکرایەتەوە بۆ گۆڕینەوەی بەیاسا ئەخلاقییەکان، ئێستا دنیا باخچەیەک بوو لە خەون لە منداڵێـتی. گـەر فـریشـتـەکـانیش لە تاو عـەشقی تاک ڕەهەندانەی خۆیان بۆ خودا دەستبەرداری منداڵێتی خەون نەبوونایە، ڕەنگ بوو ئێستا خواو فریشتەکان و مرۆڤ هەمووان پێکەوە خەونمان ببینیایە.. خەونی مندالاّنە.. عاشقانە.

گەورەکـان لە جەنگەکـانیـاندا بۆ ئەوەی گوناهەکان و تاوانەکـانی خۆیان پەردەپۆش بکەن، باس لە ژمارەی ئەو کوژراوانە دەکەن کەمنداڵن! یاخود باسی لەناوچوونی پەک کـەوتەکـان دەکـەن، ئەمـەش ڕەنگە فـێـلـێکی لۆژیکییـانەی عـەقڵ بێت بۆ داپۆشینی ئەو گوناهانەی مرۆڤەکان دەیکەن بەرامبەر بەیەکتری؛ چونکە لە پیریدا تەنها ئومێدێکی مرۆڤ گەڕانەوەیە

بەپەژیوانییەوە بۆ باخچەی خەونی منداڵی.

خواش هەمان فێڵ لە گەورەکان دەکات، لە پەیامبەرە دەست نیشان کراوەکان؛ لە چیرۆکی کتێبە ئاسمانی و پیرۆز و ئەفسانەییەکاندا خوا فریشتە مناڵەکان دەکاتە قاسدی گەورەیی خۆی، بەڵام هەرگیز مناڵەکان قاسدی عەقڵی گەورە نین.. ئەگەر ئەمە فێڵێکی میهرەبانانە نەبێت لە مرۆڤ.. لە بێ دەسەڵاتی عەشقی تاک ڕەهەندانەی ئەو مرۆڤانەی کە منداڵێتی خەونیان لە دەست داوە.

ئەو دەمەی منداڵی بەلۆژیکی ئاوەزی گەورەبوونەوە خۆی دەخاتە ڕوو منداڵێتی خەون هیچ مانایەکی نامێنێت.

ئەوساتەی لۆژیک دەبێتە پاسەوانی باخچەی منداڵانەی خەون، ئیدی ڕێ بەمنداڵی نادرێت لەو باخچەیەدا خەوببینێت بەڵکە گەورەیی دەچێتە ئەو باخچەیەوە و داگیری دەکات، ڤێجا گەورەبوون لە سەرەتادا مەیلێک دەدات بەو دنیایە وەک حاڵەتێکی کورتی سەرحاڵ بوون، بەڵام گەورەیی هەر کە هێز و دەسەڵاتە لۆژیکییانەکەی خۆی بەبیردا دێتەوە، ئیدی ئەو باخچەیە وێران و سەرگەردان دەکات و بەپێکەنینێکی ژەهراوییانەوە ماڵئاواییی لێ دەکات.

منداڵی هەرگیز شەرم لە غەریزەکانی ناکات.. ئەوە ئاوەزی گەورەکانە دەبنە پۆلێن کەر و سنوورکێش بۆی، جوانی و ناشیرینی سەرەتای پۆلێن کردنەکانە، ئیدی دوالیزمەکانی تر بەدوایدا دێت و ئەخلاقیش دەبێتە بەندیخانەیەک بۆ بەستنەوەی هەموو پڕ کێشییەکی مرۆڤ؛ کە دیوارەکان و پەرژینی دەوری باخی منداڵی بریندار و پێشێل کرا و لە بری جوانییەکانی منداڵێتی خەون.. جوانی و ناشیرینی لۆژیکدار دانرا، ئیدی موسیبەتەکانی ئینسان لەوێڕاوە دێنەگۆڕێ.

با ئێمە بێ هیچ خۆ بەستنەوەیەک بەئاوەز لەگەڵ ئەم خەونەدا پڕکێشی



بکەین و بڕۆین: بشێت خوا لە سەرەتاوە دروستکراوی منداڵێتی خەون نەبووبێت؟!.. کەدواتر گەورەکان ئەو خەونەیان بۆ خۆیان زەوت کردووە و بەرگی خەونەکانی خۆیان لەبەر کردووە تا پارێزگاری دنیای خۆیانی پێ بکەن، دوای ئەوەی کە ئیدی لە بێ دەسەڵاتیدا نەیانپەرژاوە ئازادانە گەشت بەمنداڵێتی خەوندا بکەن، ئیدی خواش بۆتە شوانێکی ئەو خەونە پەکخراو و پیرەی دنیای جەنجاڵی گەورەیی. گەر ڕێ بەخۆمان بدەین خەو ببینین: کێ دەڵێت لە سەروەختی دزینی منداڵێتی خەونەوە خواش.. ئیتر نەبۆتە بزرێکی نادیاری هەمیشە ئامادەی ناو دنیا و خەونی گەورەیی، بۆیە لەو کاتەشەوە خوا کراوەتە سومبلێک بۆ تەنهایی و دەسەڵاتی ڕەها! (ئازادیش لەو دیو حەسارەکانی گوناهەوە بەجێما)و، ئیدی گوناه بووە سنوورێک بۆ جیاکاری لە نێوان ئازادی ڕەها و ئازادی دینیدا.

هێرشی گەورەکانی وڵاتی من.. هێرشی باوکەکان.. جەنگە دڕندانەکانیان نەبوایە، ئەو باخە پڕ ئەفسون و سەوزەی منداڵێتی خەون کەهەردەم ژیانی تێدایە.. ڕەنگ بوو ئێستا نەبوایەتە باخچەکانی جەنگ و دڕندەیی و مەرگ.

گەورەترین خەوش لە وڵاتەکەی مندا.. جوانی و ناسکییە؛ کەساسترین و مەغدوورترین بوونەوەر لە وڵاتی مندا منداڵانن کە خاوەنی هەڵگری منداڵێتی خەونن.

پیاوکوژترین و جەربەزەترین جەنگاوەرانیش ئەو منداڵانەن کە وەک گەورەکان خەو دەبینن، ئەوان دەبنە پاڵەوانی درۆزنترین و دوودڵترین مێژوو.

کە باخی منداڵی سووتا.. گەورەبوونیش بێ ماناییە، گەورەبوونیش کاتێ دنیا جوان دەکات.. کە هەمیشە وەک منداڵی خەوببینێت.

دەشێت خودا لە دروستکردنی خەونی منداڵ بێت!. بەڵام هەرگیز سزا

بەرهەمی منداڵێتی خەون نییە.

چەند جوانە بەگەورەیی وەک منداڵ خەون ببینیت. تەنها منداڵییە ئازادە لەناو باخی خەوندا، گەورەکانیش کۆیلەی ئەو بەهەشت و جەهەنمانەن کە دروستکەری ئاوەز و دەسەڵاتی خۆیانە.

ڕەنگە زۆربەی نووسەران ئەو کەمە منداڵانەبن کە هەمیشە پشت ئەستوور بەو منداڵێتی خەونانە دەقی نەمریان نووسی بێت. هەر بۆیە نووسینیش بۆخۆی باربووکردنەوەیەکە بۆ دروستکردنی دنیایەک جیاواز لەوەی کە هەیە.

دەکارین بڵێین عەشقیش لەو ساتەوە دوو کەرت بوو، کە قابیل هابیلی لە پێناوی عەشقی خوشکەکەیدا کوشت، ئیدی لەوێوە شەڕێک بەرپابوو منداڵێتی خەونی خستە ژێر مەترسی و پەلاماردانەوە. شەڕی عاشقەکان شەڕی براکانە لەسەر خوشکەکانیان، شەڕە لەسەر کوشتنی ئازادی و منداڵێتی خەون.

لەبەر منداڵێتی خەونی ئادەم خوا ئادەم و حەوای لە بەهەشت وەدەرنا و ئازادیش پۆلێنێکی دینی و ئەخلاقی بەبەردا برا. شەیتانیش بوونەوەرێکی تەنهایە لە نێوان خەونی منداڵی و گەورەیدا، ونبوویەکی بێ هاوتاشە کە خاوەنی سەرەتاترین و گەورەترین چیرۆکی تراژیدیی خۆیەتی. ڕەنگ بێت کۆنترین و زیندووترین ئاسەوار، یان یەکەم و پیرترین بوونەوەرێک لە سەرەتای تێکدانی یەکەم منداڵێتی خەوندا لە مێژووی بەشەرییەتدا مابێتەوە شەیتانبێت.

خواردنی یەکەم سێو یاخی بوونە لە پێناوی خەوبینیندا، سزاش لای خواوە یەکەم بەرهەڵستی خەوبینین بوو.. کوشتنی هابیل بەدەستی قابیل یەکەم شکست هێنانی منداڵێتی خەونە بەدەستی گەورەبوون لە پێناوی عەشقدا، مەخابن عەشقیش ئیدی لەو ڕۆژەوە دووکەرت بوو.



ئەم ئەستێرەیە چۆن ببێتە جێی ئومێدێک کە تابێت دنیای منداڵێتی خەون تەفر و تونا دەکرێت، باوکەکانیش مەردایەتی لەوەدا دەبیننەوە منالەکانیان کۆپیەک بن لە خۆیان و بەگەورەیی وەک خۆیان لە دایک بن و بەمناڵی بمرن، چونکە ئیدی مرۆڤ لە پیریدا هێندە مەترسییەکی گەورەی نییە بۆ سەر دنیا و لە پەراوێزی ژیان و خۆ ئامادەکردندایە بۆ ماڵئاوایی کردنی یەکجارەکی لە ژیان.

تەنها ئەو گەورانە دەتوانن گەشت بەناو باخی منداڵێتی خەونی خۆیاندا بکەن، کە گیرفانەکانیان لە حیکمەتی گەورەیی بەتاڵکردبێتەوە، زمانیان لە پەیڤی هەڕەشە و فەرمان و یاساکانی ئەخلاق پاکژ کردبێتەوە، گەورەییەک تائەو تەمەنە دەتوانێت بەڕیشی سپی و دەستی لەرزۆکەوە لەو باخچەیەدا دابنیشێت و خەون ببینێت، کە کڵاوی لۆژیکی لەسەر ڕەفەکانی گەورەی بەجێ هێشتبێت، گەورەترین یاخیبوونیش لە یەقینی دنیای گەورەیدا بەمنداڵێتی خەون دەکرێت لەو دنیا قێزەون و هەمیشە دووبارەبۆوەدا تاپشوویەک بدرێت و ئازادانە خەون ببینرێت.

شێتەکانی ناو دنیای گەورەبوون، ئەو خەونزانە منداڵانەن، کە لە دنیای گەورەییدا تەنهایەکی بێ هاوتان، ئەگەرچی مرۆڤایەتی هێندە قەردارباریانە کە بێ منداڵێتی خەونی ئەوان دنیا سەرتاپا بۆ خۆی جەهەنمێکی ڕاستەقینە دەبوو.

مرۆڤ بەدەست یاساکانی خۆی و هەڵەی ڕێکەوتی دروست بوونی گەردوونەوە عاسی و ماندووە، تەنها ئازادییەکیش بۆ هەڵاتن لەو ماندووبوونە تەنها هەر خەونە. (ئازادی تەنها لە خەوندا هەیە) هیگڵ دەڵێت.

مەزنی باخی منداڵێتی خەونیش لەوەدایە گەر تەنها پەلکە قەرسیلێکی برینداریش لەو باخەدا هەناسە بدات خەونیش لە گەشتی خۆی ناکەوێت، مەزنن ئەوانەی ئەو باخی خەونەیان هەمیشە سەوزە.

گەر خەون نەبوایە من وام بیر نەدەکردەوە، ئەمە بۆ خۆی بەرهەمێکە لە منداڵێتی خەون، دەبا هەر یەکەمان لە باخی خۆیدا ئازادانە خەون ببینێت، بێ بیرکردنەوە لە لۆژیک، لە ئاوەزی گەورەیی، لە سزا، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت ئازادی لە خەونەکانماندا ببینین. کە لەو باخەش هاتینە دەرێ کڵاوەکانی حیکمەت و لۆژیکمان لەسەر کردەوە با پەلکە ڕێحانەی ئەو باخە بەگرفانی کراسەکانمانەوە بۆنی ئەو ئازادییەمان وەبیربێنێتەوە و بێ دوودڵی و ترس باسی منداڵێتی خەون بۆ گەورەیی بکەین تا ژیان بێ ئومێدتر نەبێت لەوەی کە هەیە.

یونی١٩٩٦

## سیگار

جانتاکەم
ئێوارە و
سنوور و
چەند پارچەیەک شیعری تیابوو، کە هاتی؛
وەک ڕووبار
لە کەنار پەیکەری پۆشکینا
بە پەنجە و بە چاوت پێت وتم: ئاگرێ!
کە هاتی
دوواهەمین مژم بوو
لە خەستی دووکەڵی سیگارێ
کە لەژێر پەیکەری پۆشکینا
دەمکێشا.
من بۆنی دووکەڵ و خۆڵی سەر سنوورم لێ دەهات
گرفانم خاوەنی یەک تەڵی شقارتە و
زەنگیانەی پچڕاوی شیعرێک بوو.
سیمای تۆ لە بەردەم ڕۆشنایی لەرزۆکی
دوا تەڵی شقارتەی دەم پەنجەم
لە شووشەی بلووری چرایەک دەچوو
کە ڕەنگی دووکەڵی نەدیبێ،
بێ ئەوەی تێت بگەم
لە بەردەم دووڕیانی بێدەنگی و وشەدا



کە ڕۆشتیت؛
سیمات لە ئێوارە دەچوو،
بۆنێکی فێنکت وەک سێبەر جێ هێشت و
تێکەڵی ڕووباری پەمەیی
کچانی بەردەمی پۆشکین بوویت.

پۆشکینسکایا-مۆسکۆ ١٩٩٢

## پێغەمبەری ئاو

هەی ئاو، ئاوی گوناهبار بە وجود
گەر ڕووەکێکی ئاوی یان گیاندارێکی مەلەوان بوومایە،
دزێوی جەنگ و دڵڕەقی خاکم نەدەناسی
ڕەنگ بوو ئێستا لەگەڵ «بووکێکی دەریا»دا،
لەسەر کەمەی بەردێک، لە نێوان پێکادانی شەپۆلەکاندا
باسمان لە ڕژانی ئەستێرەکانی سەر توێی ئاو
لە زەردەی سەرئاوکەوتووی خۆر..
یان باسی جوانی ڕوخساری مانگمان بکردایە؛
دۆستایەتییەکی بێگەرد و گوڵمان دەبوو
لەگەڵ ئەو ڕووەکانەی بە نووستوویش سەما دەکەن
دۆستایەتییەک لە عەشقی سەوز
لە گەردی بریقەداری گورزە تیشکی ناو قوڵایی
لە قوڵپی وردی سەرئاوکەوتووی دووتوێی گەڵاکان
لەو شانشینەی هەموو بوونێک لە ڕەنگەکاندا هەناسەئەدات.
هەی ئاو، ئاوی خۆشەویست
بۆ بە خۆشەویستی من ڕازی نەبوویت و
بە پوولەکەی ماسیەکان و بریقەی دانی نەهەنگەکان هەڵخەڵەتایت،
منێکی بێکەست بۆ فڕێدایە سەر ئەو وشکاییانەی
کە سێبەری خواکان و مەرگ و تەنهایی تیایدا گەورەترین دەستەڵاتە؟!
بۆ جەنگ و برسێتیت کردە دوو دۆستی دێرینەی من و
مردنت بۆ خەڵاتی ماندووبوون دامێ و



سێوێکت پێ کرماندم لە جادوو..
بۆ لە باوەشی بێ سفەتیی ئافرەتدا بەجێت هێشتم؟!
هەی ئاو، ئاوی گوناهبار بەیەکەم خۆشەویستی بوونی من
لە کڕێوەدا وێڵت کردم تا پەنا بۆ ئاگر بەرم
ئاگری بێ نمەک، بێ وەفا بەخاک و ئاو
کە لەبەر گڤەی با دا هەمووان بێ دەستەڵاتن وەک من
دەنا من ئێستا بێ گوناهبارترین بوون دەبووم لە تۆدا مەلەم دەکرد،
منت بەو دوژمنانەی خۆت ناساند
بۆ ئەوەی خۆت دوژمنترین و ئەسڵترین سەرەتاکانی بوون بیت.
بۆ ئەم کفرەت بەمن کرد و ئەم بارانی گومانەت بەسەردا باراندم؟!
لەسەر کەنارە خەمۆک و دڕکاوییەکانی دڕندەیی بەجێت هێشتم
ئەو کەنارانەی تیمساحەکان قەپ بۆ خۆر دەگرنەوە و
باڵندە کاڵفامەکان گۆشتی ناو بێخی دانەکانیان ئەخۆن،
لە گورزی گەرمی ئەو هەتاوە کەوتوانەت ئاڵاندم
کە هەناسەکانی تۆ دەکەنە ئەو هەورانەی بەسەر شەپۆلەکانتەوە
ماچە شیرتینەکانی منیان پێ بوو.
بەچی دەچێت، ئەی بێ مروەت
ئاوی چوارمێخەکراو بە بزماری وەرزەکان
ئەی دێرینترین بوون و بێ گوناهبارترین گوناهبار،
شەپۆلە دەربارەکانت وەک من بۆت ناگێڕنەوە
کە چەندە بەسام و دڵگیر و ئەفسووناویت
گەر من ئێستا مەلەوانێکی هەمیشەیی تۆ بوومایە
شاعیرترین شاعیری ئاو و عاشقترین عاشقی قوڵاییەکانت بووم.
یەکەم جەنگ لە دەستبەرداری تۆ و تەنهایی منەوە بەرپابوو

دەنا ئەو ئەستێرە وشکانە لە تۆدا تونێتیان دەشکاند
کە دووکەڵی جەنگەکان ڕەشی کردوون؛
چەندە جوان دەبوو
ئەز لە پریشکی فێنکی تۆم بکردایە بەدەم ئەستێرە برینداراکانەوە
ئاوڕشێنی ئەو پانتاییانەی مانگم بکردایە کە ئارەقەی تەنهایی سپی
کردوون،
لێ، بەڕووسوربییەوە، خۆر، مانگ و ئەستێرەکان، بە تریفەی شەرمەوە
شەرابی ئەو ئەشقەیان لەگەڵ نۆش دەکردین
کە خواکان لەگەڵ یەکەم نوتفەدا خەونی پێوە دەبینن،
هەنووکە سێویش جوانترین و بێ جادووترین دیاری دەبوو
لە کەنارەوە شەپۆلەکان دەیانهێنا بۆمان،
لەو تەلیسمەدا هەمووان سەرحاڵ دەبووین بەو عەشقەی
کە تائێستا بەگومانترین و بێهوودەترین پرسیاری منە.
ئەوەی هەمە وەک شاعیرێکی سەعلووک
وەک پەیامبەرێکی کافر، بە کفری عەشقێک دەیلێم و دەڕۆم.
ئاوی ئازیز، ئەی بەوەفاترین بێ وەفا
من بەخەونی پیرۆزەیی مەرجان ڕازی نەبووم
بە ئازاری سپی سەدەفێک ڕازی نەبووم زیخەکان بکەمە مرواری،
چیتر وارسی ڕاستەقینەی ئەو وەڵامە درۆزنانە من نیم
بە پرسیارێکی پووچ دڵی خۆمیان بدەمە دەست؛
من ئەو کافرەم کە سەرەتاکانی بوونم لا هەڵەیە
ئەو خوایە بێ عەرشەم کە پیرێتی و مەرگم پێ شەرمە.
تۆ ئەو مردووە ئازیزەیت، هەموو ڕۆژ زیندوو دەبیەوە و جێم ناهێڵێت
لە دایکبوونی یەکەم و زیندەگانییەکی غەمباریت تۆ،



تۆ ئەو درەختانە گەورە دەکەیت کە وەڵام ناگرن!
لەو گوناهانەم پاک دەکەیتەوە کە گوناه نین!
ئەو خۆڵەم لێ دەتەکێنی کە بەسەربووردەی من و برینی قەرسیل دەزانێ!
گەر تۆ نەبوویتایە من شەڕی خواکانم نەئەکرد و
پەیامبەرەکانم بە چەقۆی مەزهەب سەرنەدەبڕین،
تۆ ئەو کلێسا پڕ لە گومان و عەشقەیت
هەمووان باسی خیانەتکردنی خۆشەویستەکانیان بۆ تۆ دەکەن ..
تۆش لە هەمووان دەبوریت
بۆ ئەوەی گوناهە گەورەکانی خۆت بە پەنهانی بمێننەوە.
گەر تۆ نەتکردمایە بە ڕۆڵەیەکی ئەو باوکە دلڕەقانە و
دایکە شەمشەمەکوێرە میهرەبانەکان،
کووپەی شەرابی ئەو کفرەم لەسەر ئەم بەردەنوێژانە نەدەشکاند و
کارێزی مزگەوتەکانم پڕ نەدەکرد لە تف.
ئەو گۆڕستانانەی کە تەپکەی گومان و ترسن
کێلەکانیان بە دێڕی دڵنیابوون لێی نووسراوە
لێ، ئەمانە گۆڕی ڕاستەقینەی من نین!
ڕێگەم بە ئاوێنەکاندا کەوشەنی جوانی و دزێوی بکێشن،
ئەمانە یارییەکی بێ تام بوون، ماڵێکن لە پەردوو
ئارامییەکە لە خیانەتی ئاوەوە کەوتۆتەوە.
بەدەم خوڕەی ئاو .. نێڵە نێڵی ئاگر .. هەڵکردنی با
وەک زەوی لە بوون، لە خڕێتی ماناکان ڕادەمێنم،
ئەو دوورگانە بەجێ دێڵم کە ماڵی کتێبە ئاسمانییەکانە
دەگەمە ئەو زەریا ڕەش و سەرخۆشانەی
کە سەوڵەکان و کەشتییەکان مەستەکەن، با ختوکەی چارۆکەکەم دەدا

ئاو لێرەدا مەستە بەخەیاڵی کۆنینەی بوون.
من کەشتییەوان نەبووم! شووشە پاکەرەوەیەکی عاشق بووم
بەدگومان بووم لەو ئارامیانەی دەبریسکانەوە
دردۆنگ بووم لەو پەڕۆیەی دەستم
کە تۆزی بریقەی مانگ و ئەستێرەکانی پێوەبوو.
ئێسقانی سەرئاوکەوتووی دەم ئەم شەپۆلانە
ئێسقانی من بوون، ئێسقانی دۆلفینە زیرەکەکان و
نەهەنگە دەبەنگەکان بوون، خۆیان دەکێشا بە لێواری کەشتییەکەما.
ئەم تەختە ڕزیوانەی سەرئاوکەوتوون و پەڕی تووتییەکانی لە دەورە
ئەو کەشتییە شکاوانەن لە دوا هەناسەکانی ژیاندا ترس پەژیوانی کردنەوە،
ئەو سەوڵە سەرخۆشانەی شەپۆلە وردەکان دەستیان پێوە گرتبوو
دارەمەیتێک بوون درێژ لە قەوزەی سەوز
لە جێ دەنووکی ئەو باڵدارانەی چڵە گەنمەکانیان بردو نەگەڕانەوە.
من، دەریاوانێکی مەلەنەزان بووم چونکە ئاو
لە بەهەشتی داگیرکراوی خۆی دەری کردم، لەو جەهەنمەوە سەیری ئاوم
ئەکرد
قولاپەکان بەدەستمەوە بوون و شەپۆلەکان دەگەیشتنە قولەپێم.
ئاه، ئاوی خۆشەویست، ئەی مەستی ناو جۆلانەی شەپۆل نوستوو
دڵ ڕەق بە دڵۆپە باران و خەم سارد بە کلووە بەفرەکان
گۆرانییە غەمبارەکانی سەر کەنارەکان باسی تەنیای منیان ئەکرد، گوێت
لێ نەگرت!
لە خەماندا گوڵەبەڕۆژەم دەکرماند و پۆلێ باڵدار بەدوای هەنگاوەکانمەوە
بوون؛
من ئەو شەرکەرە قاچ براو و دۆڕاوەم کە خەونی سەوزی لقی درەختێکم



بڕیەوە و
پێڵاوێکم لە پێ کرد لە پاڵ قاچەکەی ترمدا
«ئەو پێڵاوانەی کە لە باوکم زیاتر لەگەڵمدا دەژی»!
ئاوی نازدار، خیانەتکار وەک ئەو کچانەی کە خۆشم ویستن،
من باسی جوانی ئەوانم بۆ
ئەو تۆپەڵە تیشکەی ناو ئاوی مەرکانەی حەوشەکەمان دەگێڕایەوە
کە دڵۆپ دڵۆپ دەکەوتنە ناو ئەو جامەی کە چۆلەکەکان گەرووی جریوەیان
پێ تەڕئەکرد.
لە بیرم نایە ڕۆژێک عاشق نەبووبم، ڕۆژێک ئاوم تیا نەبینی بێت؛
شەوانەش مانگ لەسەر مەرکانەکەمان قاچی شۆڕ دەکردەوە
وەک بەوەی ماندووی ڕێگایەکی دوور و وەڵام هێنەرێک بێت
لە ئازیزێکی نەگەڕاوە لە خەونە دێرینەکان کە نایەنەدی؛
من عاشقێکی ساویلکەبووم، غافڵ بووم بەو نهێنیانەی
کە مانایەکی تر بوون بۆ تەنهایی.
حیکایەتخوانەکان لە گێڕانەوەکانی سەرەتادا ڕاستگۆنەبوون لەگەڵما
مووجیزەکان شایەتێکی درۆزن و پەیامبەرەکان ڕیاکاربوون
لە بەردەم بێدەنگی ئاو و ڕازیبوونی مندا.
ئاوی خۆشەویست، نهێنیەکانت بۆ لای با درکاند و
سەرت لەسەر سەرینی ئەرد دانا و خەوت لێ کەوت؟
خەونی خۆت بۆ درەختە پیر و تەنهاکەی بەهەشت بۆ گێڕایەوە
بۆ لەبەردەم ئەو ئاگرە ڕیاکارەدا خۆت ڕووت کردەوە کە منی پێ
ئەترسێنرێت؟
غەمبار .. مناڵ .. کەسیرە و ڕووت وەک من
لەبەردەم ئەو یارییانەی پێکەنینەکان ئەبزوێنن و لاساییەکان دووبارە

ئەکەنەوە،
قومارت بۆ لەسەر بەهەشت کرد و منت بە بارمتە دانا لە جەهەنمدا؟
من ئەو یارییەم پرسیاری بوون و نەبوونم لە دەست خۆمدا نەبوو
وەڵامەکانی کۆتاییم وەڵامە ڕاستەقینەکان نین
جوانییەکان جوانی ڕاستەقینە و مەرگ وەڵامی ژیان نییە؛
ئەم هاوکێشانە هەڵەن کە پێکەنین و گریانن پێکەوە.
تەنها شتێک کە جێی دێڵم لە تۆدایە ئەی ئاوی خۆشەویست
تەنهاییەک جێ دێڵم کە ڕووتە لەناو ماناکاندا
ئەوەی هەمە وەک شاعیرێک، وەک پەیامبەرێکی کافر دەیلێم و
بەهەشت جێ دێڵم و جەهەنم دەبەم لەگەڵ خۆم
ئای ئاوی خۆشەویست تەنها و تەنها دەڕۆم و ناگەڕێمەوە
نا.

ئۆکتۆبەری ١٩٩٤ ستۆکهۆڵم



## قارچکە ترسنۆکەکانی جەنگەڵ !!!

کوان
ئەو نیگارە خۆڵەمێشیانەی یادگارییەکانی بیرەوەریم لەبیر دەبەنەوە!
تاکەی ئەم زەوییە بەخۆڵی جەستە و ئێسقانەکانی من گەورە دەبێت؟!
مانگ
ئەی ئەو ئاوێنە ساردەی کە هەڵمی هەناسەکانی منت پێ ناگات،
ئەو چاوە کز و غەمبارانەم بیر مەهێنەوە
کە ساتێک لە ساتە ژەنگاوییەکان خۆشیان ویستوم و
پارچە کەوتووەکانی خۆمیان داوەتەوە دەست؛
بەچی دەچێ جوانی پەنجەرە شینەکان و ئەم دەرگا ئەڵقەرێزانەی
بێوەفان لە بەردەم ترازانی خەونەکانما.
بێ وەفابیت.. بێ وەفا
ئەی ساچمەکانی تفەنگی سەرکەوتن کە جەستەمت کردە چاڵی ژەنگ و
خۆڵبارینی سمی ئەو ئەسپە سپیانەی کە مانگیان لێ ئاوا کردم.
من بێمەوە یان نا! گەڵاکان هەر هەڵدەوەرێن و درەختەکانیش دەبنە زوخاڵ،
شەقامەکانی تەنهاییش درێژ.. درێژ دەبنەوە و
گوڵەکانیش بەسیسی لەژێر پێڵاوەکاندا دەکەون.
مێژوو گەر پێڵاوەکان بیواننووسیبایە هێندە نابینا نەدەبوو.
هەور گەر چاوی ببوایە بەماچەکانی با فریوی نەدەخوارد.
ناپاکی وشەکان لە خۆیاندان یان ناپاکی ئێمەیە؟
با خیانەت ناکات کە تۆوەکان دەبات،
ئەم دارستانە ڕەشە پڕە لە پەپوولەی نوستوو، پڕە لە گوناهی نوستوو،

پڕە لە شەرمەزاری و درەختی زڕ.
با ئەو قۆزاخە وشک و کرمۆڵانە دەلەرێنێتەوە کە ئومێدی ئاوەدانی بوون.
من لە خەمی ئەو چڵەپووشانە دەگەم لەپاڵ ئەو جۆگەلانەدا کووڕبوونەتەوە و
بەبێ سەر بەرزکردنەوە دەڕژێن.
دەنگی ئەوباڵدارانە دەناسمەوە ئێواران بـا بەڕووتی لەناو قامیشەڵانەکاندا
دەبیێن.
بۆنی ئەو پەلکە گیایانەش دەکەم کە خوێنی برینەکانیان بەژێر
پێڵاوەکانمەوەن.
ئەم گرەوە گچکانە لە بەردەم نافێڵزانی مندا چەندە گەورەن.
خوا لەو دەمەوەی بوو بەشوان
سنوورەکانی ئازادیش لەودیوو حەسارەکانی گوناهەوە بەجێ مان.
من لەم خاکەسارییانەدا چەندە تەنیا و فریوخواردووم!
ئەم وردە ئاوێنە شکاوانە ئەستێرەکانن دەچەقنە پێم
یان وردە شووشەی ئەو مانگە شەقبردووانەی تەنهایـین؟
ئەمانە قارچکن یان چەتری دەستی ئەو باوکانەن کە دەمناسێنن بەمەرگ..
بەمیهرەبانی یاساکانی جەنگەڵ..
بەوجوانییانەی تەنها جوانییەکی ڕووتن و برسی و بێ مانا لە حیکمەت.
لەژێر کلێپەی ئەم ئاگری جەنگانەدا تاڵەکەوتووەکانی خۆر..
قەهری دڵۆپە خوێنەکانی ناسرێنەوە.!
ئای ڕەنگەکان چەند گوناهبارن بەرامبەر پەلکەزێڕینە و پەڕی باڵدارەکان!
ئەو شەوە شینانەی پەپوولەکان تیا دەنووستن و کونەپەپووەکان بەئاگا..
تێپەڕین،
ئەو عەسرانەی کوکووختییەکان دەیانخوێند و ئارام دەنوستم..
گوزەشت،



ئەو سبەینانەی دڵۆپی شەونم لە خۆکێشانەوەی پەڕی گوڵەکاندا
بەئاگادەهاتن..
وەریـن.
ئەم جەنگەڵە ڕەشە ئەبجەدییەتی ئاو.. فیدابونی بەفر،
ئاڵبوونی خاک و ڕەنگەکانی ئاگرناناسێت.
وەک هەنار دەپروێم لە شەرمی.. زریزەی نەترازاوی جانتاکانی سەفەر
لە هیلاک بوونی ماڵئاواییەکانی ئێوارە.
مەنفا کرماندنی دوا سێوی بەرچینەی ئەو گوناهانەن کە بێبەریم لێی،
ماندووترین بوونەوەری سەفەری مەحاڵ و دۆڕاندنی خەونەکان منم.
ئەم فارگۆنانە بەرەوکوێم دەبەن!؟
نەمدەزانی ڕێگەی جەهەنم دوورترە لە بەهەشت
مەنفا نزیکتر لە وڵات.
شۆستە بێ شەرم و ئەفیون کێشەکانی غوربەت..
تەلیسمەکانی خەیاڵ..
دوورگە تەماوییەکانی مەنفا.. شەوتان خۆش.

ئۆکتۆبەری ٩٥ – ستۆکهۆلم

# ئێوارە دەڕوا و من لە جۆگەلەی ڕەنگدا دەخنکێم

شیعرەکانی ١٩٩٢-١٩٩٨

## له پەنجەرەیەکی مەنفاوە
## ئاسمانێک سڵاو
## بۆ
## هاوڕێکانم

*لێرە هەموومان پیردەبین،*
*چەند ناشیرینە پیری بێ مردن*

ماڵێک لە مۆم،
دڵێک لە ئاگر،
کیشوەرێک لە پەژیوانی
ڕێ دەکەم؛
گرفانەکانم..
دەستەکانم بۆی ڕێحانەیان لێ دێت؛
... بەجێ مام
لەگەڵ با ، سەردانێ،
لەگەڵ گیا سەرخەوێ،
لەگەڵ ئاو پیاسەیەک،
ئێوارانیش لەگەڵ خۆم،
جەنگەڵێکم پڕم لە مەرگ، لە زیندەگی ئاه.. لە خەون.
دڵی چرام بۆ نادرێتەوە لە مانگاشەودا،
دڵی ئاوێنە و توێی ئاوی کانی چۆن بدەمەوە لای گوڵ،
بێ خەون ئەستەمە خوێندنەوەی نامەکانی شەماڵ



ناسینەوەی جێ پەلی بەجێماوی حاجی لەق لەق
گوێگرتن لە دەنگی تاق تاقکەرەی سەر قەدی درەخت.
باخچەکەم ئینجانەیەکە لە پەلکی ڕێحانە
بێ ئەوەی خۆر بانگ بکەم پەردەکە لادەدەم
عەشق پێویستی بەهاوار کردن نییە
دەنا با لەگەڵ کردنەوەی پەنجەرەدا نەدەهات.
پەردەکان لادەدەم تا گڵ ئاشت بکەمەوە لەگەڵ خۆر؛
گەر گڵ لە تۆوی بپرسیایە لە کوێوە هاتوویت؟!
ژیان مانای نەدەما.
لە پەلکی ڕێحانەکاندا ئاو دڵنیا خۆی دەداتە دەست عەشق
دەست ڕووناکی.
ئەوسا لەگەڵ خەونەکاندا شەڕم نەدەکرد،
شەرم نەبوو هەموو شتێک بەناوی خۆیەوە بانگ بکرێت،
کە سڵاوم لە گوڵ دەکرد بێ مەرام بۆنی خۆی دەدامێ،
کڵاوکوڕەکان لە نیشتنەوەدا کڵاوەکانیان بۆ هەڵدەبڕیم..
چینەی کەوم بە بۆنی خۆڵدا دەناسییەوە
هێندە بێ زەین نەبووم گریانی قومرییەکان و هەڵای باز نەبیستم
ئەوسا خەونم هەبوو
ئازادی داڵغە و باڵی فڕین..
زەویم تەنها بەماڵی خۆ نەدەزانی،
لە گەردی فڕیوی هەوادا ماڵێکم هەبوو
لەگەڵ باراندا ماڵێکم هەبوو
لە ئاسمان ماڵم هەبوو
لە چاوی قرژاڵەکاندا ماڵم هەبوو

له پەنجەرەیەک دەدوام ژیانی لێوە ببینرێ
تەنهایش ماڵێک بوو بۆ حەسانەوە لەگەڵ خۆم
لێرەوە تووناوتوون لەگەڵ پەلکی ڕێحانەکاندا وڕێنە دەکەم......
بۆ پەنجەرەیەک دەگەڕێم، لەگەڵ ژیان ئاشتمکاتەوە.

ستۆکهۆڵم. ئۆکتۆبەری ١٩٩٦

## دوعایەک بۆ تەنهایی

خودایە، خودای من..
ڕێم بدە بتبینم، ڕووتوقووت.
ئازایەتی لە ژێر پێستمدا ڕاچڵەکێنە، تا کەشتیەکەت لەو دەریای خوێنەوە
ڕاکێشمە نێو ئەو جۆگەلە ڕووناکەی خۆم.
ڕێم بدە قەڵغانەکانی جەنگ، شمشێرە خوێناوییەکانت بۆ دواهەمین جار
ببەخشم بە ئاگر.
ڕێم بدە هێندە عەشقی گەورەیت نەبم و بچووکیتم خۆش بووێت.
دوور لەترس گەورەیی تۆ بپەرستم.
ڕێم بدە سیمات وەک دەنکێک قۆخ، وەک تاڵێ ئاوریشم سادە ببینم.
لە ئاوی سەوزی چۆڕاوەی جێبرینی قەرسیلێکدا، بۆنت کەم.
ڕێم بدە، ڕەنگی یاخی تۆ لە تەنها گوڵێکی سەر سەرەنوێلکێکدا ببینم
و.. دڵم هیچ نەکا.
ڕێم بدە، لە هەڵکردنی بایەکی فێنکدا، هەست بەنەرمی سەرپەنجەکانت
بکەم.
ڕێم بدە، خودایە گوێمان لە ترپەی دڵی یەکتربێت، کە ئارام باوەش بە
زەویدا دەکەم و دەخەوم.
خودایە، خودای من..
ڕێ بدە هەریەکەمان بە جۆرێک بتبینین، هەمووشمان بە خوای خۆمانت
بزانین.
خودایە نووری خۆت ببەخشە بەهەموو عاشقێک، تا تەنهایی نەمانکوژێت.



## ئێواران شوعلەی مۆمێک، بەسە بۆ حونجەکردنی غەریبی

*بۆ: باران*

کچەکەم، خەو بە فڕینەوە دەبینێ و لە عەزابی پەیداکردنی باڵ تێ ناگات.
+ کچم منیش عەشقی فڕین گەیاندمیە مەنفا و باڵەکانم دۆڕاند،
تۆ وەک من مەکە.
هەموو نیشتنەوەیەکی دوای فڕین، دۆڕاندنی باڵە.
ئەوەتا باوکت بە دیار شوعلەی مۆمێکەوە تەمەنی خۆی دەسووتێنێ.
تۆ وەک من مەکە، کچەکەم. یان مەفڕە، یان کە فڕیت مەنیشێرەوە؛
هەموو نیشتنەوەیەک دۆڕاندنە، دۆڕاندن.
شوعلەی مۆمێک بەسە، بۆ فڕین.
گەر نیشتنەوەی باڵدارەکان نەبوایە، مرۆڤ بەئاسانی لە فێڵەکانی ڕاو
نەدەگەیشت.
گەر دۆڕانی باڵەکان نەبوایە، ئێستا هەموومان شەقەی باڵمان دەهات،
کچەکەم.
کچم شوعلەی مۆمێک بەسە، بۆ فڕین.
کچەکەم دەڵێ: بابە بابچین مۆم لە کڵێسا داگیرسێنین.
+ کچەکەم تانها مۆمێ بەسە بۆ هاوڕێ زیندووەکانم.
– بابە داگیرسانی مۆم بۆ مردووەکانە نەک زیندوو!
+ کچەکەم شوعلەی مۆمێک بەسە، دەنا ئەو هەموو مۆمە داگیرسێنم بۆ
مردووەکانم دنیا گڕدەگرێ.
– بابە تۆ ماندوویت، ماندووی دوای فڕینێکی دووردرێژ و دۆڕاندنی

خەونەکانتیت.
من لە تۆ ناگەم بابە!
من هەمیشە خەو بە فڕینەوە دەبینم.
فڕین بەسەر خاکێکدا، مەرگ و جەنگی نەبینیبێ،
خاکێک دوای نیشتنەوەش، باڵەکانم لێ زەوت نەکات.
+ کچم شوعلەی مۆمێک بەسە بۆ فڕین، دەنا باڵێک نییە دوای فڕین بە
گڕی بێ ئومێدی نەسووتێ.
خاکێک نییە سووتووی باڵە سووتاوەکان نەدا بەبا.
مەفڕە کچم، شوعلەی مۆمێک بەسە.
- بابە تێت ناگەم ، من جووتێ باڵ لە سنگمایە ڕۆژێ دێت لە پشتمەوە
دەڕوێ و دەفڕم.
+ کچم مەکە، شوعلەی مۆمێک بەسە، بۆ حونجەکردنی غەریبی من و تۆ
شوعلەی مۆمێک.
تەنیا شوعلەی مۆمێک بەسە.

ستۆکهۆلم- ١٩٩٨



## ئێوارە دەڕوا و من لە
## جۆگەلەی ڕەنگدا دەخنکێم!

ئێوارە دێت و...
وەعدە منیش بەفێنکی بەرێ بۆ کۆڵانی ڕەنگ؛
لە سەر ڕێش دووبەدوو لە کێڵگەیەکی گوڵەبەڕۆژەدا
بۆنی بن باڵی ئەو زەردەواڵانە بکەین
کە بۆنی کاڵەکی گەییوویان لێ دێ.
بەپۆلە قەلەڕەشکەکانی سەرڕێش بڵێین ئێوارەتان باش.
دەست بدەینە باڵی ئەو مێلوورە تۆزاوییانەی،
کە لە توونییاندا لە سەر گەڵا چەورەکانی کوزەڵە دەخلسکێنە نێو خوڕەی
چەم.
با بە قرژاڵیش بڵێین دڵت لە مەکری تافەتافی ئاو نەڕەنجێ.
مشکە کوێرەکانمان لەبیر نەچێ پێیان بڵێین درەنگە وەرنەدەرێ وا ئێمە
دەڕۆین.
ئێوارە دێت و.. دەزانم من دەبات لەگەڵ خۆی؛
دەستم دەگرێ و دەڵێ پێش ئەوەی بڕۆین،
با سەرێ لە ماڵی بێدەنگی بدەین و
سەتڵێ ئاوی لە بیری خەیاڵات بۆ هەڵکێشین و
پێی بڵێین ئێوارەت باش، وا ئێمە دەڕۆین و وادەی ئاوڕشێنەکانی
تەنهاییە.
من پەلەمە و ئێوارە دەڵێت، با گلەییەکانی کونەپەپوو لە دووی خۆمان
جێ نەهێڵین و

پێی بڵێین، مل بسووڕێنە تا ئاوادەبین.
با بەسەر پێوە سڵاوێ لە قەتێ و قومری و کەو بکەین و سەرێ بۆ
کلاوکووڕە بلەقێنین.
درزێ بکەینە دەرگای چاوی پشیلە و پێی بڵێین لاساری مەکە.
گوێ لە دەنگی جووکە جووکی دڵی سنەوبەرەکان بگرین و پێیان بڵێین،
ئای کە دڵتان گەورەیە.
با فوویەکی فێنک لە قاژە شووتییەکانی سەر سینی عەسر بکەین و
تێر سەیری دەموچاوی شۆردراوەی دەنکە ترێکانیش بکەین.
با پەنجەیەکیش بخەینە ناو ئاوی ئەو مەرکانانە و
تێر بۆنی ڕێحانە ڕەشەکانی سەر سەرینەکان بکەین و
بەلای شەوبۆکانیشدا تێ پەڕین.
دەستم بەدەستی ئێوارەوەیە و پێم دەڵێ، مەترسە، من سۆزم داوە و دەدبەم
لەگەڵ خۆم،
سەفەر تەنها پشتێکردن نییە لەم هەموو جوانییانە.
تۆ سەیری سەرەتاتکێی ئەو کچانە بکە پێش داخستنی دەرگای حەوشە،
ئاوی نێو سەتڵەکانیان دەبێتە حەرفی ڕژاوی یەکەم نامە.
دەست لە پیاڵەی عارەقی نمەگرتوویی ئەم مەیخۆرانە بدە و
گوێ لە ورتە ورتی ئەو قوڕگە گرینۆکانە بگرە،
دوای ئێمە بە گۆرانی، کاغەز بۆ لەیلا دەنووسن.
گوێ لە تەنهایی یووسف بگرە لەنێو دەنگی ئەو حافزەدا
کە سینەی لێوانلێوە لە یەقین و چاوەکانی لە ڕووناکی.
من بە ئێوارە دەڵێم،
تا شەمشەمەکوێرەیەک عەباکەی نەداوە بەکۆڵیا و
زیکزیکەیەک قوڕگی پاک نەکردۆتەوە،



تا ڕەنگاڵەیەک پێش ئێمە نەگەشتۆتە سیلەی کۆڵانی ڕەنگ، چاترە بڕۆین.
ئێوارە دەڵێ، پەلە مەکە، گوێ هەڵخە بۆ کرتەکرتی دەنووکی حاجی لەق
لەق
بۆ دوا بەیتی غەریبی کۆترە باریکە و
بۆ هەناسە ساردیی نەدۆزینەوەی ئەدرێسی نامەکانی دەستی شەماڵ و
بۆ ئای ئایەکانی «خوداداد عەلی» بۆ «ئەڵوەن» و
بۆ هۆڕەیەک کە پشتی کۆم بۆتەوە و بەچاوی تەڕەوە سەبیل دەکێشێ.
با بە چوارمشقی لەژێر ئەم شۆڕەبی حوزنانەدا قومێ چا هەڵدەین و
سیگارێ بنێین بە لالێومانەوە.
زەردەخەنەیەکیش بگرینە ڕووی مۆنی کیسەڵ و پێی بڵێین
خەم بۆ ئەو هەموو تەمەنەت مەخۆ کە فریای قاقایەک نەکەوتی.
با لە باخێکی شیوتا خۆمان ڕووت کەینەوە و پڕ بەسینە هەوا هەڵمژین.
قژی شۆڕەبی لەسەر چاوی کانی لادەین و
قومێ شەراب لە بەینی لێوەکانماندا هەڵگرین و ماچێک بە بادا بنێرین.
بە مەڵە بڵێین، چەند حەیفە بە خەوتووی زەفەر بە ڕەگی چیمەن و چاوە
پشیلە و
دەمەشێرەکان ئەبەی.
بە شاتوو بڵێین تۆ چەند بەوەفای بۆ خوێنی ڕژانی یەکەم عاشق.
بە گوڵەئەستێرەکانیش بڵێین، خواحافیز چراکانتان هەڵکەن، وا ئێمە
ڕۆشتین.
دواتر لارەلار بە پاڵ دێوجامەی ڕاوی خەیاڵی شاعیراندا دەڕۆین تا بە
فێنکی دەگەینە نزیک کۆڵانی ڕەنگ.
لە بیرمان نەچێ بەدڵ پەسنی جوانییەکانی بوکی دەریا بدەین و
پەنجەیەک لە سوورایی خۆری کەوتووی سەر توێی ئاو بێنین بەسەر

لێوەکانیا و پێی بڵێین: ئۆی.. کە تۆ جوانی بووکی دەریا.
قەولبوو ئێوارە بێت و بمبات لەگەڵ خۆی
ئێوارە بێت و منیش وەک کەروێشکە سپییەکانی باوەشی
بکەوینەبەر بەر سیلەی ساچمەزەنگی چاوی مانگ و
بەخەڵتانی خوێنەوە وەک هەموو جارێ لەناو کۆڵانی ڕەنگدا بەشەهیدی تا ئەبەد
بڵێین: ئەی شەو ماڵئاوا تازە جلەڕەشەکانی تۆ،
سوکنایی ڕژانی تریفە و
پسکەپسکی پەشیمانی ئەستێرە و
گریانی باران و
تۆبەکردنی بەفر و
هەنکەهەنکی باڕەش و
چاوەڕوانی من بۆ ئێوارە کە بمبات لەگەڵ خۆی بەهەدەر چوو!
ئێوارە هات و من خۆم کرد بە شەهیدی خەونێک، کە نەیبردم لەگەڵ خۆی،
ئێوارە دەڕوا و من دەبم بە پووشێکی سەر جۆگەلەی ڕەنگ و
با دەنگم تێکەڵ بەدەنگی سەرپۆشی سەر گۆی زەوی ئەکا.
ئێوارە دەڕوا و من بەخۆم دەڵێم، عەشق شەهیدێکە، شەهید
تازە من شەهیدێکم
ش
ە
ه
ی
د

یونی ١٩٩٩ ستۆکهۆڵم



## لەپی دەستم بۆی شەمامەی
## خاکێکی لێ دێت لەوپەڕی دنیا

لە ماڵی ئافرەتەوە، بە چنگێ توترکەوە دەگەڕێمەوە نێو باخچەکانی جەفا تا شەتڵی جەستە لە ژێر سێبەری گوناهەکاندا، بەرمەوە بۆ ناو نهێنییەکانی گڵ.
بەسمە، بەم پیرییە بە جانتایەکی پەیڤەوە، لە دوورەوە باسی جوانی هەرمێیەک بکەم.
دیارییەکانی ڕۆژهەڵات دەنێرمەوە بۆ گەنجینەکانی عیرفان، بۆ نەزاهەتی سروشت.
بە ڕووتی، بەپێی کیسەڵێک، بە سواری ڕێکەوتی فڕینی پەڕێکی دەم با، دەگەڕێمەوە بەر پەنجەرە شینەکانی ڕوانین و حونجەکردنی جوانی.
لەبەردەم پرشەی ڕاتەکانی چۆلەکەیەکی تەڕدا خۆم دەشۆم.
قۆپچەکانی سینە دەترازێنم و دوعایەک بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ ژیاندا، بە خەونا دەنێرم.
من تێدەگەم دەنگی هەر باڵدارێک نامەیەکە، ڕەنگی باڵی پەپوولە، فڕینی خاڵخاڵۆکەیەک، وەرینی دەنکێک گێلاس،
زەردبوونی بەهێیەکی تووکن نامەیەکە.
دەشزانم هەر دڵۆپە بارانێک پەیڤێکە، گیا، درەخت، خاک بە جۆرێ حونجەی دەکات.
ئەوەتا بە کرماندنی خەیارێک، بەهار بەلامدا تێ دەپەڕێ و دەڵێ: مەرحەبا.
بە جەستەمدا هەڵی دەپەسێرم پەیژەیەک.. بۆ بێدەنگی،

پەیژەیەک بۆ گریان، پەیژەیەک بۆ گۆرانی، پەیژەیەک بۆ سەما،
تا بگەم بەو ماڵەی پشتییەکی تیا نییە بۆ شاندایانی ڕق.
زمانی جەنگەڵ، مانگ، ئەستێرە، باڵدار، ئاو، لە دەمی مندایە، لەسەر
زمانی عەشقە، نەک خودا.
نیشتمانی من ماڵێکە لە شوێنێک،
جێیەکە لە نێوان بێ سرەوتی گومان و بێ ئۆقرەیی خەیاڵدا.
لەوێیە،
لە نێو پەیڤێکی لێوانلێو لە مۆسیقا،
لە ژێر ورشەی سەمای پەڵە گەنمێکی سەوزا،
لە نێو دەنکێکی وەریوی نێو ماڵەکانی گوڵەبەڕۆژە،
لەناو دەنکە قوڕێکی خوساوەی ژێر زمانی پەرەسێلکە،
لە کاژی فڕێدراوی ڕەشمارێکی عاشق،
لە چاوی خوماری گۆریلایەکی پیر،
لەسەر ئەستێرەیەکی لەنگەرگرتووی بۆشاییە دوورەکانی ناو گەردوون،
لە قژی سەوزی بەردەکانی کەنار دەریا.
لەوێیە، دوور لە داهێزرانی دووبارەبوونەوەکانی ڕۆژ، لە ماڵئاواییەکانی
ئێوارە و
لە خەوە ناچارییەکانی شەو.
لەوێوە،
ئا لەوێوە، بە چاوی ڕووناکی ناو بلووری چرایەک لە تارمایی دەڕوانم.
بەچاوی خەونیشەوە لە ڕووناکی.
ماڵی من پڕە لە پەنجەرە شینەکان و
تاقە پڕ لە ئینجانەکانی گوڵی بەد،
گومبەزە سەوزەکانی حەوانەوەی ئێوارە و



جێ خەوی ئەو بەیانییانەی پێش من بەخەبەر دێن و تێکەڵ بە قافڵەکانی
ڕۆژدەبن.
ماڵی من پڕە لە زەخرەفەکانی ڕەنگ، لە دەنگە بەجێماوەکانی زەمەن.
لە هەورە برووسکە شکاوەکانی ئاسمان، نیازکە کشاوەکانی ڕۆح،
تەرزە نەتوواوەکانی توڕەبوون و گلۆربوونەوەی تاوێرەکانی تەمەن.
لە بەردەم پەنجەرە شینەکاندا بە ڕووتی خۆم پیشانی
ڕووناکی، کچ، هەورەکان و ئەسپەکانی مەیدانی خەیاڵ ئەدەم.
لە جێ قەپی بەجێماوی سێوە لاسوورەیەکدا،
ماڵی زەردەخەنەی لێوێک دەدۆزمەوە بۆ پشوو.
قاچ دەخەمە ناو جۆگەلەیەک لە پەیڤ، لە هیلاکیدا؛
ئاوی چاوی قرژاڵێک دەخۆمەوە، لە تونێتیدا؛
ئارامی دەنگی بۆقێک لە مانگاشەودا، ئەدزم.
جلەکانم دەبەخشم بە بزنێکی برسی.
دەسدەکەمە ملی شەوبۆ و
لەگەڵ ئاودا لە چیمەنێکی تەڕدا بەڕووتی دەخەوم.
بەیانی بە ختووکەی زمانی ئەو کەروێشکەی کە لە مێرگەکانی خەو
هەڵدێت لەسەر جەستەم بەخەبەردێم.
لە باوێشکێکدا تێ دەگەم:
ڕەنگی سووری شەراب، قەرزێکە لە ترێ.
خرێتی گوێزی هیندی لاساییەکی بێ گۆپکەیە لە مەمک.
ئەوە جوانییە وا دەکات مێژووی کرمبوونی پەپوولە نەخوێنرێتەوە.
گەر پیری نەبوایە جوانی بۆ ئەبەد نەدەمایەوە.
جگەرەیەک بە دەنووکی سووری کەوێکی کوژراو پێ دەکەم و
گوێ لە چیرۆکی تینوێتی بزنمژەیەک ڕادەگرم.

دەست بە کلکی سمۆرەیەکەوە دەگرم و دەچمە سەر بەرزترین سوورەچنار و
ماچێک لە
ڕۆژ دەستێنم.
بە ڕێی مێروولەکاندا دەچمە شاری کەسنەزان و دڵی ئەو تۆوانە دەدەمەوە
کە تامی تروکاندنیان نەکردووە.
لە لوورەی گورگ و گریانی شاعیرانی ڕۆژهەڵاتدا نهێنییەکانی عەشق بە
ڕوخساری مانگەوە دەبینم.
تەنهاییش لە ئایەتەکانی خوا.
سەر بۆ بێدەنگی بەرد دەلەقێنم و لەچاوی پڕ لە گلەی گڵێش دەڕوانم لە
ئاو.
بەچنگ تریفە دەخەمە ناو برینە قووڵەکانی ئەشکەوت.
بەشاخ دەڵێم پیری مانای هەیە؟ دڵی تۆ چەند گەورەیە لە بەرامبەر
نهێنییەکانی خاشخاشبوونی گەردووندا!
تاجە گوڵێلکەیەک لە گۆێژ لەسەر دەکەم و
لە کرم دەپرسم ژیان چییە؟
- وەفای هەڵگرتنی هێلکەکانی منە لە مردنی تۆدا.
وەفا چییە ئەی گوڵ؟
- پیشاندانەوەی جوانیەکانی جەستەیە لە ڕەنگ و بۆنی پەڕەکانی مندا.
بە با دەڵێم: کەی زمانی گڤە و چاوی فڕین، دەبەخشیتەوە بە پەیڤ تا لە
هەموو نهێنییەکان بگەم.
ئەم پەیڤە خوار و خێچانە، پەیژەیەکی کورتە بۆ گەیشتن بە مانا.
بە خوا دەڵێم: منیش کوڕی تۆم، میراتێکم ناوێ کە بە شمشێر بسەنرێت.
تەنها لە پەڕی پشتییەکان جووتێ باڵم دەوێ،
لە بەرد، جەستەیەک لە وەفا،



لە دەریا، چاوێکی گەورە،
لە یاخیترین گوڵە کێویلەکان، جوانی،
لە تەم، ناسکی و
لە ترپەی بەردەوامی دڵەکانیش، ژیان.
بە چنگێ زەنگیانە و هەڵماتەوە دەچمەوە شاری منداڵی و دەست دەخەمە
سەر پشتی
پیری و پێی دەڵێم:
- چۆنە نازانی؟! ماڵی من ئا لەوێیە،
ئا ئەوەتا لەوێ...

ئەدرێس: هیوا قادر
مەملەکەتی شیعر- شەقامی تەنهایی،
کۆڵانی دار قەزوانەکان ١٩٩٨
شارۆچکەی خەیاڵ و هزر
مەنفا

## چاوەکانمان

بە چاوەکانیا دەیناسمەوە،
ئینسانێک، وا لەناو سەری ئەو سەگەدا
ئینسانێکە، بێدەنگ، بێدەنگ تێم دەڕوانێ.
بەچاوەکانیا بیرم دەکەوێتەوە من کێم!
ئینسانێک وا لەناو سەری ئەو مەیموونەدا
خەمبارانە بیر دەکاتەوەو دەڕوا،
بەچاوەکانیا دەیناسمەوە، بەچاوەکانیا.
سەرم دەخەمە نێو دەستم، بەکوڵ دەگریم،
ئینسانێک وا لە سەرمدا،

٩٨/١٢/٢٩



## خودایە، ئەم دڵتەنگییە تاکەی

دەستێکم بە دەستی مەرگ و دەستێکم بەدەستی ژیانەوەیە،
کە ڕووبەڕوو لەگەڵ مەرگ دەدوێم، زۆرجار خۆم بە ژماردنی خاڵەکانی سەر
پشتی خاڵخاڵۆکەیەکەوە دەخلافێنم،
کە ژیانیش دێت نازانم لێوەکانم بە ماچ سڕدەبن یا بە شەراب، چ
تەنهاییەکە مانەوە لەو نێوەندەیا، چ تەنهاییەکە
لە نێوان ئەو دوو ئاگرەیا... ژیان!
وەک عاشقێکی دڵخۆش بەگەرمی دڵی خۆم، لێکتان جیا ناکەمەوە ئەی
مەرگ، ئەی ژیان.
وەک گوڵخانەیەکی خەنی بە باوەشێنی باڵی پەپوولە، ئەی مەرگ، ئەی
ژیان، لێکتان جیا ناکەمەوە.
من باخەوانی پەیڤ، دنیا پڕ لە تۆو دەبینم،
ئینسان گۆزەیەک لە پەیڤ بۆتە سەری و سروشتیش پڕ لە تۆوی نەترووکا و
دەبینم.
من باخەوانی پەیڤ، مانگ تەنها ڕووی ئاوێنەیەک نییە، هەندێ جار تۆوە
وەک دەنکێ فاسۆلیا،
هەندێ جار عەلاگەی کلاوی پڕ لە نووری پێغەمبەران و هەندێ جاریش
بەردێکی سارد و تەنها.
پڕمکە لە نوور ئەی مەرگ، ئەی ژیان.
پڕمکە لەو غەزەبەی کە خەیاڵ دەیگرێ لە شێتی.
پڕمکە لە ئاوی دەرپەڕیووی توێکڵی نارنج،
کە ئاو دەزێنێتە سەر شووشەی نیگای چاو بۆ خەیاڵ.
پڕمکە لە دەنگی تەقینەوەی خونچە، پڕمکە لە دەنگی ترووکاندنی گەلا.

له بێدەنگی بەرد، له شلێپ و هوڕی ئاو.
پڕمکه له دەنگی جووکەجووکی زەڕنەقووتە، تا دوا نەکەوم له یەکەم دەرسی
فڕین.
پڕمکه له لەرزینی دەست و پێی جوانوو دوای یەک دوو لەتری پێ گرتن.
پڕمکه له بوغزیی جوانی له عەشق، له شەوقی چرا.
پڕمکه له سادەیی نێرگز، له غروریی منالّ.
پڕمکه له شێتی، بەتالّ له جادوو.
پڕمکه له چکلّ و چێوی شک، بمتەکێنه له یەقین.
لێورێژم که له بەیانی..
لێوانلێو غرورم برژێنه ناو جۆگەلەیەکی خاکی.
پڕم که له ئازاری شەق بردنی هەنار.
لووتم پڕکه له بۆنی بوغورد، له کزەی مۆم، له بۆنی بەی.
تازە من سەرفی نەزەر له عەشق ناکەم.
عەشق بەتەنهایی ناوێرێ،
چ تەنهاییەکه عەشق خوایه.
چ تەنهاییەکە ژیان، چ تەنهاییەک مەرگ.
بە پارچەی شکاوی پەلکەزێڕینەکان هەموو گیانی خۆم ئەکەم بە خوێن،
دەچمە بەردەمی خوداوەند و پێی دەڵێم:
گەر ڕاست دەکەیت بەم ڕەنگاوڕەنگی خوێنەوە بمگەیەنەرە سەرای سپی
فریشتەکان،
تازە من سەرفی نەزەر له عەشق ناکەم.
عەشق به تەنهایی ناوێرێ،
چ تەنهاییەکه عەشق خوایه.
چ تەنهاییەکه ژیان، چ تەنهاییەکه مەرگ.



## پۆترێتێک . کاڵ کاڵ وەک شەبەنگ

هێندەی ماسییەک خەمبارم
هێندەی گوڵێکی ئاڵیش شاد.
بەقەد دەنکه هەنارێک دڵم تەڕەو
هێندەی مووروویەکی شینیش دڵڕەق.
تەمەنم دوو هێندەی ژمارەی خاڵەکانی
سەر پشتی خاڵخاڵۆکەیەک دەبێت و
هێندەی چەهچەی دوو بولبولیش بۆ یەکتری
ساڵەکانی تەمەنم ماوە ژیان.
من هێندەی شارێک تەنهام و
بەقەد هێلانەی پەرەسێلکەیەک قەرەباڵغ.
که شەرم دەکەم وەک گێلاسێکی شێلراوی
ژێر پێی سمۆرەیەک سوور هەڵدەگەڕێم.
که دەگریم دەم دەنێم به ئاگرێکەوە تا بمگەیەنێت به زەمهەریر،
که پێش دەکەنم بەقەدەر خرمەی قەپاڵێک سێو ئاو له چاوم دێت،
که شاد دەبم وەک بنی کانی پڕدەبم له ڕووناکی و
که خەمیش دام دەگرێت وەک گێژەلوولکه چاوم پڕدەبێت له خۆڵ.
بریقەم دێت، که عەشق دێت و پەنجەکانی له دەستمدا چرۆ دەکات.
که گوێم له دەنگی تەقینی چرۆکان دەبێت،
بەخۆم دەڵێم جەنگێکم له پێشه؛
له جەنراڵێک دەچم، که وەسوەسەی داگیرکردنی دنیا
له خرمەی داکرماندنی سێوێکدا دەبینێ و قاقا پێ دەکەنێ.
خۆم دەخەمە ژێر تاوەتەرزە، تا بارە قاچاخەکانی مزربوون بگرم
لەسەر پشتی ڕووتی بەهار،

تا نهێنییەکانی خڕبوونی میوە لە گرفانی با بدزم و
گوێ لە هەنکە هەنکی هەناسەکانی گەیین بگرم.
لەناو هەرێزێکدا پاڵ دەکەوم و
سینەم لەبەردەم باوەشێنی باڵی
پەپوولەدا دەکەمەوە،
تا سنگم پڕ دەبێ لە ڕەنگ و
پێستم پڕ لە فێنکی.
جەفای عەشق پیری کردم، ئەی بەلەنگاز دڵی من
هەناسەم وەک زریزەی دەف دەلەرزێ
دەمارەکانی دەستم لەبەر هەتاودا وەک پشتی گەڵا دیارن
لێوم وەک قۆخ قلّیشاوە لە شەرمان و لە گەرمان
وەک پێستی سێوە لاسوورە دەسووتێ، ڕوومەتم لە تای عەشق
فیچقە دەکات خوێنی من وەک ئاوی مێو
جورئەت ناکەم دەست بخەمە سەر برینی خۆش نەبۆوەی هەنجیرێک و
شەمامەیەک بدەم بەدەم جۆگەلەیەک ئاوەوە.
من پیاوێکم تا خوا حەزبکا بەغیل
بە ڕووناکی دڵۆپێک ئاو
تا خوا حەزبکا حەسوود بە گەورەیی دڵی عەشق
تا شیعر حەز بکات بێ توانا لە فڕین
من پیاوێکم لە هیچ، من پیاوێکم لە وەهم
چەند تنۆکێکم لە مۆم، چەند حەرفێکم لە دوعا
چەند جێ پێیەکم لەبەفر لە سەحرا.
خوێنێکم ڕژاو بێ دەلیل، بێ مەئوا.

٢٠٠١ ستۆکهۆڵم



## سێوی سوور

*بە تۆ ئەی سێوی سوور پێشکەش بێت*

بژەنە وەک تار، بمکوتە وەک دەف، فووم لێکە وەک پشکۆ،
بێ ئێشم کە وەک شمشێر لە هەڵقەی بەجێماوی هەلهەلەی زکرا،
بە ماچێک ئاشتم کەرەوە لەگەڵ چیمەن و باوشێنم کە بەباڵی پووشکە بە قنگە
بە سێوێکی سوور ماڵەکەم پڕ کەرەوە لە شەوقی خۆشەویستی شەو
تیماری کە زەخمی من لە چوکڵەی ئەستێرە بارین و شکانی پارچەکانی مانگ
توونێتی شەقار شەقاری عاجزبوونم بشکێنە بە وردە گازەکانی ماچ
وەک سنگی کەو سینەم پڕکە لە خاڵ و ڕەنگ و دەنگ
کۆڵانی منداڵیم پڕ کەرەوە لە یاری و تەقەی هەڵمات و فەریکە نۆکی تەڕ
بە چڵێ ڕێواس بەهار بێنەرەوە ماڵەکەم و حەسیرێ ڕاخە بۆ پشت دایانی مانگ.
بە دەنکێ چوالە سوێند بخۆ،
بە گەردی وەریوی نێرگزێک دوای بۆنکردنێکی فێنک سوێند بخۆ،
بەتەنهایی خوا، بەبۆنی ئەرد و بە ئازاری تەقینی چرۆکان سوێند بخۆ،
بەخڕێتی زەوی و مەمکەکانت سوێند بخۆ لە ژێر تریفەی چاوی مندا،
بەگریی هەناسەکانی من،
بەچاوداخستنەکانی خۆت کە بە گەرمی باوەشەکانی من پڕدەبن لە لەزەت،
بەتریفەی ڕژاوی سەر درەختە ڕووتەکان و حەپەی سەگ سوێندب خۆ،
بە سپی بوونی ئاو لە کاتی هەنکە هەنکی شەپۆلا،
بە دوا هەناسەی حەیرانێک دوای ئاهی تەواوبوون،

بە کلی وەریوی برژانگەکانت لە سەر لێوی لەرزیوی من سوێندبخۆ،
بەمەرگی من و تۆ کە لە سەعاتەکاندا چرکە چرکیەتی سوێندبخۆ،
کە لەگەڵ سێوێکی سووردا، لەگەڵ فروغ و سپهریدا ئێوارەیەکی پەمەیی
دەبیتە میوانی من؛
ئێوارەیەک خۆتان و شیعر، خۆتان و تەنهایی و عەشق، خۆتان و مۆسیقا و
عیرفان،
خۆتان و پارچەیەکی دڕاو لە کراسەکەی یوسف، کە خوناوی سەحرا و
خوێنێکی درۆزنی پێوەیە، بە پەنجەکانی هەرسێکتان دەیخەنە سەر تەوێڵی
تاگرتووی من.
خۆتان و خۆتان بەیارم دەکەنەوە لە بزرکانی شیعرێک کە لە گەرماندا
پڕوکاوە و باڵ ناگرێت بۆ فڕین.
من پیاوێکی پیرزەدە، هیلاک لە ماڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئافرەت
ڕاکردوو لە پەنجەرەکانی ماڵئاوایی ئێواران و تەنهایی مەنفا.
سوێندبخۆ بە سێوێکی سوور، وەک شیعرێکی نەنووسراو دێیت
کە لە دەستەپاچەیی کەمی ژمارەکانی پەیڤ ماڵی پەڕەیەکی بلوورین
نادۆزێتەوە بۆ نووسین.
سوێندبخۆ بە ترازانی سینە، بە ماچ و دوعا شەرمنەکانی ژێر لێوی من
بە ڕووتبوونەوە سوێندبخۆ، بەداکەندنی جلەکانمان لە بەری یەکتریدا،
بە یەکەم دڵۆپە ئاوی دوای تینوێتی
بە لەرزینی دەستەکانی من لە بۆیاخکردنی پەنجەکانی تۆ
بەو قومە شەرابەی ژێر لێوی هەردووکمان کە لە ماچێکدا گەڕایەوە بۆ
یەکەمین کوپەی شەراب لە ترێ، سوێند بخۆ.
سوێند بخۆ کە بە چەپکێ مۆسیقاوە دێیت، بە باوەشێک ڕەنگ و کۆشێک
لە میوەوە دێیت،



سوێند بخۆ بە ژمارەی گوڵی مێخەکەکانی سەر سینەت، بە قورسایی
بەردی ملوانکەکانی ملت،
بەبۆنی پێستت سوێند بخۆ کە وەک بۆنی بادەم و قاژێک پەنیر و چلێ
ڕێحانە بۆنم پێوەکرد،
بە خاڵەکانی سەر پشتی خاڵخاڵۆکەکان سوێندبخۆ،
بە ژمارەی گەندەمووی کرمەکان، بەدڵۆپی خزاوی دڵۆپە بارانەکانی سەر
جەستەی هەردووکمان، بە ژمارەی پەڕی جاڕە گوڵاڵە سوورەکان و ڕەنگی
بەردەکانی نیشتمان سوێندبخۆ،
بەتاوێرە شینەکان و قاسپەی کەوەکان، بەتەپەی باڵی کلاوکوورەکان و
نازی هەنگاوی قومرییەکان، بە کڵۆی گڵی وشکەوەبووی هێلانەی پەڕە
سێلکەکان سوێندبخۆ،
بە گمەی کۆترەکان و مرەو چرنوکی پشیلەکان سوێندبخۆ،
بەبەیانیانی نیشتمان و ئێوارانی عاشقان،
بە پەنجەرە شینەکانی مەریوان و گۆرانییەکانی ماملێ،
بە پەژموردەیی کۆڵانەکانی سلیمانی، بە چاوی شێتەکانی شار و پێڵاوی
دڕاوی سۆزانییەکان، بەدڵۆپی تکاوی مۆمەکانی سەر پەنجەی من، بە
لەرەی زریزەی دەفی سەر پەنجە و هەناسەم،
بە کۆکە کۆکی سینەم دوای پەتایی شام، بەدەنکێک تووی فەڕەنگی کە پڕە
لە دەرزی ئاژنگی ڕەنگ،
بە ژمارەی ناوکەکانی ناو کاڵەکێکی گەیوو، بە وێنە نەشۆراوەکانی ناو
کامیراکەم،
بە ژمارەی شووڵی سەبەتەیەکی هەڵواسراوی بەر دووکانێک،
بە قاژە وردەکانی ژێر گۆپکەی قارچکێکی بەهار، بە گۆپکەی قنگرێک،
بە چەپکێ شیوت سوێندبخۆ،

بە دڵۆپە ئاوەکانی ناو توێکڵی پرتەقاڵێک،
بە چەشەی ئاوتێزانی قاژێک لیمۆ لە ژێر زماندا سوێند بخۆ،
بە ژمارەی دەنکە هەنارەکانی ناو هەنارێک،
بەو چاوانەی بە ئیرەیی و ڕقەوە سەیرمان دەکەن و نایانبینین،
بە ژمارەی مژی جگەرەکانی من، بەدەستی لەرزۆک و برسی هەژارەکانی سەر ڕێگا،
بە سندووقی بۆیاخچییەکانی منداڵانی شار، بە دارچینی و قاپە محەلەبییەکانی سیوەیل،
بە هۆرەکانی دایکم بۆ سەفەرێکی نەگەڕاوە، بە چاوی پڕ حەسرەتی خوشکە قەیرەکانم،
بە پێکەنینی براکانم و چڵی چاوە پشیلەکانی باخچەکەی باوکم،
بە دڵۆپی تکاوی جێ برینی مێوەکان سوێند بخۆ،
بەدێڕە شیعرەکەی مەحوی سەر کێلەکەی باوکم،
بە ئەرخەوانەکان و گوڵفرۆشە گرانجانەکەی گەڕەکی خۆمان،
بە گۆمی باراناوی ناو هەرێزەکانی باخچەی گشتی، بەبۆنی سنەوبەر و ڕیقنەی چۆلەکەکان،
بە ژمارەی گوڵە بەڕۆژەکانی لوولەی سەر سینی دەستی منداڵێک،
بە کێشی کیلۆ درۆزنەکانی بەقاڵێک، بە بۆنی پووشی سەر جامە ماستێک و سەرتوێژی ماستی ژنێکی لادێ،
بە دەنگی چەکوش و هاواری گوزەری ئاسنگەران،
بە پژمەی دووکاندارێکی ئاڵەت فرۆشی بەر حەوزە وشکەکە،
بەدوعای حافزێکی بەر مزگەوتی گەورە سوێندبخۆ،
بە مزری دەنکێک ئاڵوباڵو سوێند بخۆ،
بە بێدەنگی باوکت و گارەگاری مریشکەکانی دایکم سوێند بخۆ،



بە گڵلەییەکانی دایکت و خەونەکانی خوشکەکەت سوێند بخۆ،
بە دانەی بەردەکانی هەڵماقۆی منداڵانی بەردەرگا و ماڵە باجێنەی کچەکان سوێند بخۆ،
بە سەوزی زرێبار و بۆنی کەبابەکەی مام قوربانی سوێند بخۆ،
بە ژمارەی تاڵی چەپکی نەعنای سەر عەرەبانەی سەوزە فرۆشێک سوێند بخۆ،
بە چڵێ گوڵی چاوی بیمار، بە دەمەشێرێک، بە ڕەشە ڕێحانەیەک سوێند بخۆ،
تەنها بە سێوێکی سوور
بە سێوێکی سوور سوێند بخۆ.

٢٠٠٢/٤/٢٣ ستۆکهۆڵم

## کە با هەڵی کرد نامەیەکم بۆ بنێرە

ماچێکم بە بادا بۆ بنێرە، ئەی یار؛
گەرمی باوەشێکم لە نامەیەکدا بۆ بنێرە؛
تاڵێ برژانگی خنکاوی ناو فرمێسکێکتم
لە دووتوێی دەستەسڕێکی بۆندارا بۆ پۆستکە؛
ترپەی دڵ و هەناسەیەکی درێژو دەست گوشینێکم،
بە قاسدێکدا بۆڕەوانەکە.
بە گوڵێ بڵێ،
تا ناوی تۆ بنێ لە هەڵاڵەیەکی نەپیتراو پێش گواستنەوەی بەباڵی هەنگ.
بە شەونم بڵێ هێندە عادەت مەگرە بەوەرینی شەوانەتەوە،
چونکە لای من جارێ ڕۆژە؛
تامنیش بە شەوبۆ بڵێم، عەتری خۆت هەمووی بەشەوێ مەڕێژە،
چونکە جارێ لای تۆ هەر ڕۆژە.
بهێڵە ئاو تا مەستبوون بۆنت پێوەکات،
چونکە ڕەنگە ڕۆژێک بێت دڵۆپە بارانێکی سەرخۆش بتکێتە سەرلێوم.
کلی ڕژاوی فرمێسکەکانت، بخە سەر پشتی خاڵخاڵۆکەکان،
چونکە ڕۆژەکانی عومری من ڕوو لە زیادبوونن؛
دەنکی قاژە شووتییەکان لەسەر سینی ئێواران بژمێرە،
چونکە ڕۆژەکانی دووری من و تۆ هەر ڕوو لە زیادبوونن.
نامەیەک بنێرە، چیرۆکێک کە کۆتایی نییە،
یا شیعرێکی وەرگێڕدراو بە مۆسیقای هەناسەی خۆشتی لەگەڵ بێ.
لە نامەیەکدا پێش سڵاو بۆ من سوپاسی درەخت بکە،
ستایشی شەو لە خۆ ڕووتکردنەوەی پەیڤەکانا،



گڵڵەییەکی زۆریش لە مانا بکە ساتێ کە بۆم دەنووسی خۆشم دەوێیت.
«خۆشەویستی نەزانینە» ئەی یار، نەزانینە عەشق،
زانین تەنها ژوورێکە لە ماڵێک،
نەزانین کۆشکێکە پڕ لە ژوور.
نامەیەک بنێرە لە ڕەنگی شەراب، لە تەریق بوونەوەی هەنجیر، لە زیتی گوڵنار.
نامەیەک بنێرە پڕبێت لە وەسوەسەی شیعر و لە خەونی بێ تەفسیر.
پەنجەرەی دڵی خۆت بەیانیان بخە سەرپشت، تا بە عاجزی ئێواران جێت نەهێڵێ.
لەگەڵ ئاوێنەدا ڕاستگۆبە، تاخۆت جوانتر و جوانتر ببینیت.
دڵت لەگەڵ شانەدا ناسکبێ،
ناسکبن گۆی پەنجەکانت لە وردکردنی زبری خەنەدا،
تا جوانی هەستنەکات میوانە.
مەیڕەنجێنە،
بە مەکرێک ئەو شێتییە مەڕەنجێنە کە نایەوێت کچێتیت گەورەبێ.
نامەیەک بنێرە کە بەپێی پەتی لە کەناریا چاوەڕێی منی و
لە تەنهاییدا ڕەنگی دەریا دەگریت.
نامەیەک بنێرە، کە لەبەر پەنجەرەکانیا،
ڕێحانە مۆربووبێت و پەرەسێلکە زیکەی بێت،
با هەوریش لەسەر ڕووی بتوانێت تادوور دوور بفڕێ.
بە جۆگەلەکانی بەردەرگادا، نامەیەک بنێرە،
بەدەنگی زیقنی منداڵە چڵوورە فرۆشەکان و
لەپی کراوەی سواڵکەرەکاندا نامەیەک بنێرە.

بەر لەوەی بەیانیان کۆترەکان هەڵفڕن؛
بەر لە خەوتنی شەوبۆ و گەیشتنەوەی گوڵە ئەستێرە بۆ ماڵی خۆی؛
بەر لە بڵاوبوونەوەی بۆنی فێنکی سەلکێک تەماتە و
خەیارێکی گوڵبەدەم لە سەر عەرەبانەی سەوزە فرۆشێکی کۆڵان؛
بەر لە هەستکردن بە گەرمی و لەزەتی نان لەسەر سفرەی بەیانی؛
بەر لە دەموچاو شۆردن و بیرکردنەوە لە خەونەکانی شەوێ، نامەیەک بنێرە.
نامەیەک بنێرە وەک بەیانی،
وەک ڕۆژێکی تازە کە پێشتر لە عومری کەسماندا نەبووە.
تکایە،
نامەیەک بنێرە، بەر لەوەی کراسێکی کەتان و شیعرێکی تازەمت بۆ بنێرم.
کە شەماڵ هەڵی کرد

ئەو ڕۆژانە
ئەو عەسرە پاکانە
ئەو بەیانییانەی کە سینەم پڕ دەبوو لە بەرائەتێکی فێنک
ئەو ئێوارانەی کەڕەنگاوڕەنگ دەبووم و ڕۆحم سپی
هەموویانم لە شوێنێکی قایمدا هەڵگرتووە، جێیەک کە خۆشم نازانم کوێ
بوو
هەموویان لە خۆیاندا هەڵیان گرتووم، ئەوان هەمیشە دەزانن من لە کوێم.
نامەیەک بنێرە،
ئەی یار، بە ترپەی دڵی خۆتا نامەیەک بنێرە،
ئەو قاسدەی هەمیشە دەزانێت من لە کوێم.

* «*خۆشەویستی نەزانینە*»: دێڕی نامەیەکی سەحەری ڕەساییە.

٢٠٠٢/٥/٢١



## گوڵنارێک لە سنگمایە هەنارێک دەگرێت

تووبی توخوا و فووی گرینۆکی ناو شمشاڵ
حاڵی قاچ ئاڵاو لە زریزە و زایەڵەی دەف،
قژئاڵۆسکاو لەبەردەم بای زۆر بە پەلەی فەنابوون.
تووبی توخوا و تونێتی ئێمە بۆ ئاو کە ناشکێت و کەناشکێت،
بۆ ژیان، کە سەفەر دەکات و دەڕوا.
توو گەردی جوانییەکانی ئێمە لە خۆڵا.
تووبی توخوا و دڵی پڕ لە خەونی مەی،
ناسکی باڵی دووکەڵ و ویقاری کەسنەدیدەی ڕۆح.
تووبی توخوا و دێوانەیی عاشقان و
دەوڵەمەندی تەنهایی،
بێفیزی سەمای پەروانە و
هەناسەسواری ترپەترپی مۆم.
تووبی توخوا و ترسنۆکی تاریکی و
ئازایەتی کەم مەودای ڕووناکی؛
توو مەرگ چەند ترسێنەرە،
گەر نەبێتە هاوڕێی؛
توو ژیان چەند کورتە،
وەک نووسینی خۆی؛
توو گوومان لە ڕەهایی و
نا تاقانەیی حەقیقەت؛
توو بۆنی سەوزیی و لێوانێک شیر.
ئەمانەتی تۆ.

ئەمانەتی تۆ و ئەو میوانەی کە هێشتا کاڵن،
ئەمانەتی تۆ و منداڵی کە هێشتا لە کۆڵانە و نەگەڕاوەتەوە،
ئەمانەتی تۆ و هەناسەکانم،
نەمامەکانی سەر کانی ماچ و
زەرنەقووتەی بێ پەڕوباڵی ناو ئامێزە گەرمەکان.
ئەمانەتی تۆ و پۆڕی ترساوی نیگاکان.
ئەمانەتی تۆ و سەفەر،
سەفەرێک نە شەوی هەیە و نە ڕۆژ،
نە بەیانی و نە ئێوارەیەکی عادەتی.
ئەمانەتی تۆ و ترپە ترساوەکانی دڵی من
ئەمانەتی من و زرنگە زرنگی خەونەکانی تۆ.
خودایە، وەک باخەکانی عەدەن پڕم کە لە چرۆ
پڕم کە لە بای باڵی فریشتەکانی خۆت
لە میهرەبانی تۆوەکان،
پڕم کە لە جوانی فریشتە و ئازایەتی مەلایکەت
دڵم پڕکە لە تەپەی کەوتنە خوارەوەی میوە گەیووەکانی بەهەشت،
من لە ڕەنگەکانی سووتانی ئێوارە تێربووم،
بمناسێنە بە ڕەنگەکانی ئاگری جەهەنم
بەگومانەکانی شەیتان.
من لە چیرۆک و ئەفسانەکانی حەوزی مەی سەر زەوی مەست بووم،
فێری مەلەم کە لە حەوزی چیرۆکی
پڕ لە کەفی شیری ناو باخچەکانی خۆت.
خودایە ڕازی بە بە بینینەوەی تەنهایی خۆت لە مندا،
بە ژیانی من کە ڕەنگە خەونێکی تۆ بێت.



خودایە سەرفی نەزەر لە مانای گوناه و جوانی نا گوناهیی بکە
تا عەشق نەبێتە درۆیەکی سەر زەوی، دەنا تەنهایی دەمانکوژێت.
ئەمانەتی تۆ و فڕین،
ئەمانەتی تۆ و سووتان،
ئەمانەتی تۆ و تامی شەراب،
ئەمانەتی تۆ و شیعر و منداڵیم.
ئەمانەتی تۆ و ئاوتێزانی جوانی، کە هێشتا تامم نەکردووە.

#«ئەمانەتی تۆ»: بایەکی هەڵکردووی نێو دێڕە شیعرێکی هاوڕێی شاعیرم «دلاوەر قەراغی»یە.

ستۆکهۆڵم ۲۰۰۲/۵/۲۷

## ئەو ڕۆژەی دەمرم باران لە پەنجەرەکەم دەدا

٢٠٠٢/١٠/١

*بەتۆکە هەمیشە باسی مردن دەکەیت و*
*منت لە بیرە، خۆشم دەوێییت*

ئەو ڕۆژە دەبینم
من ئەو ڕۆژە دەبینم
کە بەتەنها تیایدا دەمرم،
دەزانم بەتەنها دەمرم و مردن وەک عاشقێکی نابەڵەد
کۆڵانە و کۆڵان دوام دەکەوێت.
ئەو ڕۆژە لە دوورەوە دەستێکم بۆ هەڵدەبڕی و سەعاتەکەیم پیشان دەدات،
کە لەسەر عومری من میقاتی کردووە.
من دەزانم ئەو ڕۆژە بەتەنها دەمرم، من پیاسە دەکەم و ئەو لە دواوە
وەک گێژەلوولکەیەکی هیلاک دەست دەگرێت بە ناو قەدییەوە و کوڕ دەبێتەوە.
وەک کیژێکی گوڵفرۆش بەسەبەتەیەک گوڵی ڕەشەوە،
لەسەر نووکی پێ بەلامدا تێپەڕ دەبێت و دەڵێ؛
ئەی پیاوە غەریبەکە ئەم ئێوارەیە گوڵێکم لێ بکڕە،
من دەڵێم؛ ڕووناکی ناو
دڵۆپە ئاوەکانی سەر پەڕی گوڵەکانتم پێ بفرۆشە.
من دەزانم بە تەنها دەمرم
بە تەنها وەک سێوێک بەردەبمەوە و
بە تەپەی کەوتنە خوارەوەم کرمێک لە خەو هەڵدەستێنم و



پێی دەڵێم؛ ببوورە هاوڕێم سەرەی تۆیە.
وەک هەنجیرێک دەگەیەم و بۆنم بە بادا بڵاودەبێتەوە،
زەردەواڵەکان دێن و من بەتەنها دەمرم،
وەک پەپوولەیەک وشک دەبم و ڕەنگەکان جێم دەهێڵن،
ڕەنگەکان جلەکانی خۆیانم لەبەر دادەکەنن و ڕووتوقوت بەتەنها و بێ ڕەنگ دەمرم.
من بەتەنها دەمرم، دوا پیتەکانی سەر زمانم وەک کۆشێ گەڵا با دەیانبات
دواهەمین هەناسەم وەک باڵدارێکی حەزین بەرەڵا دەکەم و دەمرم
وەک ماسییەکی سارد چاوەکانم هەرگیز ناترووکێنم و دەمرم،
لاشەکەم هەڵدەگرم و هەر خۆم دەچم بۆ بەرزترین مەغریبسان
لەژێر پیرترین دار ئەرخەواندا بۆ دواهەمین جار دڵی قاژکراوی خۆم دەلاوێنمەوە،
بۆ تەنهایی ئەو کەسانەش کە شیعرەکانی منیان لەبەرە، ئەسرین دەڕێژم.
خەم بۆ ئەوانە دەخۆم کە فریا نەکەوتم پێیان بڵێم؛
ئێوەش وەک من بەتەنهایی دەمرن.
بەتەنها دەمرم و گوێم لە هەڵای دەروێشێکی عاشقە کە وەک من لە زکرا فانییە،
لە نووزەی نایەک لە دواهەمین گرێی هەناسەیدا
وەک من دەیەوێت شتێک بڵێ و فریا ناکەوێت.
بەتەنها دەمرم و پێڵاوەکانم بێ قاچ بەجێ دێڵم،
جلەکانم بەبێ ئُتووکردن بەجێ دێڵم،
فریا ناکەوم ئینجانە ڕێحانەکەی ژوورەکەم ئاو بدەم و
بەتونێتی بەجێی دێڵم و دەمرم،
چاوێلکەکەم بێ چاو لەسەر مێزەکەم بەجێ دێڵم

قەڵەمەکانم بێ گەرمی پەنجەکانم و نیوە دێڕە تەواونەکراوەکان بەجێ دێڵم،
کاسێتی مۆسیقاکانم و کتێبەکانم، وێنەکانم کە پڕن لە پێکەنین و گریان،
نامەکانم کە فریای ناردنیان نەکەوتم،
ژوورەکەم بەچۆڵی و تابلۆکان لە ساتی سکوندا بەجێ دێڵم.
من بەتەنها دەمرم،
بەتەنها دەمرم و خەم بۆ ئەو ڕۆژانە دەخۆم
کە دەبمە گەردی هەرزان و بێزاری سەر ڕووی پەنجەرەکان،
ئەو ڕۆژانەی کە عەشق ناوی خۆی دەگۆڕێ و کەس نایناسێتەوە.
من بەتەنها دەمرم و
تەنهایی ئەو ساتانە دەمکوژێت کە کەس وەک من بەزمانی مردن ناتوانێ
قسە بکات،
من بەتەنها وەک مۆمێک دەکوژێمەوە و کەچی دنیا تاریک نابێت!
من بەتەنها دەمرم و هەورەکان بەئاسماندا تێ دەپەڕن،
من بەتەنها دەمرم و منداڵان لەو کاتادا یاری دەکەن.
شەممەیەک دێت بەژمارەکانییەوە تێیدا دەمرم،
شەممەیەک باکی بە یادەوەرییەکانی من نییە لە خۆیدا.
من بەتەنها دەمرم و کوڕەکوڕ دەڕۆم
بۆ دوورگە بێ ناوەکانی لەبیرچوونەوە.
بەتەنها دەمرم و ئیتر گوێم لە ترپەی گەرمی دڵی خۆم نابێت،
من دوور دوور دەکەمەوە و جارجار بۆ خەونێک کە بەمنەوە دەبینرێت
ئاوڕ دەدەمەوە و دەستێکی لەرزۆک
وەک دواهەمین هەناسەم بە شلی هەڵدەبڕم و دەڕۆم.
وەک قومێ شەراب لە بنی کوپەیەکدا دەنیشێم و
ئەو مێرووانە سەرخۆش دەکەم کە بەچاو نابینرێن،



من بەیانییەک، عەسرێک، ئێوارەیەک لە ڕۆژێک قەرز دەکەم و تیا دەمرم،
شەوێک دەمفڕێنێ و بەتەنیا تیا دەمرم.
من دەزانم ڕۆژێک دەمرم باران لە پەنجەرەکەم دەدا،
وەک قەلەڕەشکەیەکی تەڕ لە ئاسماندا بە تەنها دەفڕم،
وەک کەفی شەپۆلێک لە لمدا ون دەبم و
وەک درەختێکی پیر قرچە دەکەم و دەکەوم.
من بەتەنها دەمرم و مردن پێم دەڵێ؛
پیاوە غەریبەکە ئەم ئێوارەیە گوڵێکم لێ بکڕە،
من دەڵێم؛ دڵۆپە ئاوەکانی سەر پەڕەی گوڵەکانتم پێ بفرۆشە، باتوونیم
نەبێ.
ئەفسووس من وەختم نەماوە بۆ کڕینی گوڵ،
وەختم نەماوە بۆ هاوڕێیەتی لەگەڵ تۆ.
بە تەنها دەمرم و فریای ماڵئاوایی ناکەوم لە جەستەی خۆم،
بە لێوی وشکەوە فریای ماچە تەڕەکانی یار ناکەوم و دەخنکێم،
بە تەنها دەمرم و هەموو شتێک لە دوای خۆم بەجێ دێڵم تەنهایم نەبێ،
هەی هاوڕێی دێرینەم تەنهایی
بۆ هەموویان بەجێیان هێشتم تۆ نەبێ.
من بەتەنها دەمرم و غەریبی خۆری ئەو بەیانیانە دەکەم کە بێ من هەڵدێ،
بێ حزووری من میوەکان خڕ دەبن و پڕ دەبن لە ئاو
بێ وجودی من بەهار دێت و من لەوێ نیم،
باران دەبارێ و من لە ژێریا جلەکانم تەڕ نابێ،
ئێوارە سوور دەبێ و شەوان من لەوێ نیم،
شیعرە جوانەکان دەنووسرێن و من نایانخوێنمەوە،
شەرابەکان پێ دەگەن و مەستی باڵ دەردەکا و من نافڕم،

مۆسیقاکان وەک ئاو دەرژێن و من نایانبیستم،
با هەڵدەکا و شانم بەر شانی ناکەوێت،
نەسیم نزم دەفڕێ و من دەست لەژێر سکی نادەم.
من بە تەنها دەمرم و
لە تاو قرچەی شکانی ئێسکی خۆم وەک قرژاڵ
گوێم لە تەقینی چرۆکان نابێت.
جارێکی تر زەرنەقووتەیەک ناخەمەوە هێلانەکەی خۆی و
دەست بەسەر کەروێشکێکی سپیدا ناهێنم،
جارێکی تر منداڵێکی کەوتوو هەڵناستێنمەوە و جلەکانی ناتەکێنم،
لە حەسرەت گەرمی ژیان خارخار ورد دەبم،
جارێکی تر بۆ پیاسەیەک خۆمم بۆ کۆناکرێتەوە و
سەگێکی تەنها نابێتە هاوڕێم.
ئەو ڕۆژەی کە دەمرم، مردن پێم دەڵێ؛
من هەمیشە بە پیریدا نامە خێراکانی خۆم نانێرم،
من ئەو هەموو نامانەم بۆ ناردیت و تۆ فریبای خوێندنەوەیان نەکەوتیت
ئەو هەموو برووسکانەم بۆ ناردیت و وەرت نەگرت
ئەو هەموو ڕێکەوتی بینینانەم بە دزی ژیانەوە بۆ ڕێک خستیت و تۆ
نەهاتی،
دنیایەک زەنگم بۆ لێ دایت و دەرگات لێ نەکردمەوە،
لەشکرێک خەمم بۆ ناردیت و تەسلیم نەبوویت.
شەممەیەک دێت بەژمارەکانییەوە تێیدا دەمرم،
وەقتێک دێت و دەمخاتە ناو بێ وەقتی،
ژیان لە وێستگەیەکدا بەجێم دێڵێ و دەڕوات،



پیتەکان زمانم جێ دێڵن و با دەنگی خۆیم لە هەڵکردنێکدا دەداتێ و
دەڕۆم،
ڕووت و قووت دەبمەوە و ڕووت و قوت دەمرم،
چ ڕۆژێکی بێ ویقارە ئەو ڕۆژەی کە تێیدا دەمرم،
ئەو ڕۆژە ساردی هەموو زستانەکانی پێیە،
هەموو بەتاڵی ساتەکان لە گرفانی ئەودایە و بێ خەیاڵ پڕە لە هیچ،
پڕە لە پەتاکانی دنیا و سەرڕێژە لە تەسلیم بوون.
من دەزانم ڕۆژێک دەمرم باران لە پەنجەرەکەم دەدا،
وەک قەڵەڕەشکەیەکی تەڕ لە ئاسماندا بەتەنها دەفڕم،
دەفڕم و بریندارانە ئاوڕ دەدەمەوە، دەفڕم و لە سپێتی تەنهایدا ون دەبم.

## تا سیلەی کۆلان بەدەم مۆسیقاوە پیاسەیەک

(هەموو بەیانییەک بەیانی باش لە با بکە، هەموو ئێوارەیەک بۆنی گوڵێک بکە، هیچ شتێک بەتەنها و بێ چرپەی خوێندنەوەی شیعرێک مەخەوە، تا هەست بەناشیرینی ژیان نەکەیت.)

٢٠٠٣/٦/١

منێک کە لە دەریاکانەوە دێمەوە و بەم چۆڕە ئاوەی ناو مشتمەوە
دەمەوێت فێری خۆشەویستی دەریاتان بکەم، گوناهبارم.
من حەسوودترم لەوەی پەڕێکتان لەم باڵانەی خۆم بدەمێ کە بە بیلبیلەکانی
خۆم لەگەڵ تەیرەکانی دنیادا گۆڕیمنەوە.
تازە من لە جنسی ئینسانێک نیم کە خرمەی قەپاڵێک سێو نەتوانێت
بیخاتە پێکەنین،
ئینسانێک توورە بێت بە شکاندنی دەنکێک بادەم و
لوتفی تواندنەوەی دەنگێک تووی نەبێت لە ژێر زماندا.
من گوناهبارێکی سەر تا قەدەم بێ گوناه
منێکی سواڵکەر لە کوچەکانی ڕەنگدا
بەدەست و پلی خەڵووزەوانێکەوە لە دەرگاکان دەدەم.
لە خۆتان و شارەکانتان بەدەرم کەن، بمبەخشن بەو ڕقەی کە من لە ئێوە جیا
دەکاتەوە.
من پڕ وەفا نەبووم لە بەردەم گرو گاڵی مناڵێکدا کە کلیلی قاپی
حەکایەتەکانی دایە دەستم.
گرفانەکانی من کونبوون، بۆیە نەمتوانی پڕیانکەم لە ترپەترپی ئەو
چرایانەی



پێپلیکانەکانی کوێرییان ڕۆشن ئەکردەوە بۆم.
هێندەی سپی بوونی گوێزێک بەزەیی کە چاوەڕوانی بە کاکڵەبوونە،
گوناهەکانم لێ مەکەنەوە
جارێ، تا وەک گوناهبارێکی پیر چۆکم دەیدا لە ئەرد و وەک گیا سەوزەبم.
بژنەوە ئەی ئینسان کە من لە جنسی تۆ نیم و وەک زەڕنەقووتەیەکی تا
گرتوو باس لە هاڕەی شکانی وێنەکانی فڕین دەکەم.
لێم گەڕێن هەست بەڕاچەنینی بەیانی بکەم بەدەم قووقەی کەڵەشێرێکەوە،
بە نەرمە کۆکەیەک گەردی باڵی وەریوی پەروانەکانی شەوێ لەسەر
لێوەکانم لابەم و
ماندوو نەبوونی لە شارە مێروولەیەک بکەم.
بهێڵن گوێم لە خوڕەی شیر بێت لە کاتی گوشینی پەنجە و
گەیشتنی گەرمی بەدەفرێک کە زرنگەی دێت.
تێر تێر شێی، بن برکە گیاکان هەڵمژم کە خۆر لە شانەکردنی بەیانیدا دەیدا
لە قژی خۆی،
داوای لێبووردن لە قنچکی هەر مێیەک بکەم پێش شۆردنەوەی، کە
گوڵاوی لێ دەچۆڕێ لە دووری باخچە.
منێکی دەستە پاچە و گوناهبار کە هەر بەقەد چڵێک نەعنا چاوم بڕ دەکا و
هەمیشە سەرخۆشم
بەدەنگی ئاو، هەر ئەوەندەم لە دەست دێ،
ئەوەندەم لە دەست دێ پەپوولەیەکی باڵ شکاو لە دەنووکی بەچکە
چۆلەکەیەکی عەجوول بشارمەوە،
خاڵێکی لێ کەوتووی خاڵخاڵۆکەیەک بدۆزمەوە و بیخەمەوە سەر شانی،
بۆ کەمێک قۆڵ بخەمە ژێر شانی کوللە خاجییلەیەکی قوچ،
لەسەر بەردێک دڵخۆشی دەنکێ شاتووی وەریو بدەمەوە و

به ئاو بلێم تۆخوا بمبە لەگەڵ خۆت و ڕزگارم کە لە بێ وەفایی،
ڕزگارم کە لە وەسوەسەی نەبینین و بمدە بە هەموو بینین.
منێک کە دوای ونبوونی من، ئیتر من نیم شیعرەکانم نەبێ، مەمنێژن
تێکەڵم کەن بەسەوزی جواناوی هەرێزەکان لە کاتی بڕینا،
بە چەوری توێکڵی لالەنگییەکان لێوەکانم تەڕکەن،
بمخەنە بەر پرژەی ڕاتەکانی پرچی کچێکی ئاشق،
کە لە عەزرەت بیرکردنەوە لە یەکەم ماچ خۆر لەسەر سنگی قاژ دەبێ.
بەتوێکڵی ئەو ڕێواسانە مۆمیام کەن کە بۆنی بەفریان لێ دێت،
لەبەر گڕی ئەو مۆمانەدا دامنێن کە بەبیرکردنەوە لە ڕژانی تریفە تک تک
دەتکێن،
منێکی گوناهبار لەسەر قەبرانەکان مەنێژن کە پڕیەتی لە چاوەڕوانی،
وەک پەپوولەیەک بەم هەموو ڕەنگەوە مەمنێژن و بمدەنە دەست جۆگەلەیەک،
بمدەنە دەست سەبری گەینی دەنکە گوڵەبەڕۆژەیەک
کە تاڵی تیشکی خۆر پڕی دەکات لە ئومێد.
لەگەڵ بوغوردەکانا لە دەشتێکی سەوزا بمسووتێنن
کە دڵی لە شینێتی ئاسماندا لێ بدات.
بەسەر زەمیللەی پڕ لە هەلاڵەی ئەو گولانەدا بەش بەشم کەن.
کە با لەگەڵ خۆی دەیانبات بۆ مەنفا.
تازەی من لە جنسی ئینسانێک نیم کە خرمەی قـەپاڵێک سێـو نەتوانێت
بیخاتە پێکەنین و لوتفی تواندنەوەی دەنکێک تووی نەبێت لەژێر زماندا.



## ڕۆژێک دێ کچێکم لەم شارە خۆش دەوێ

٢٢-٦-٢٠٠٣

باران دەبارێ لە مەریوان
کوکوختییەکان لەبەر هەیوانەکاندا دەخوێنن،
بۆنی گوڵەکان سیلەی کۆڵانە تەسکەکانی گرتووە و
سەوزەفرۆشێک هەموو بەهار لەسەر عەرەبانەکەیەتی و
باران بەڕەنگی سەوز و تامی سەوزەوە دەفرۆشێ.
بۆنی کەبابەکەی مام قوربانی ئیشتها دەبەخشێتەوە و
کلۆ قەندەکان لەژێر زماندا
بەدەم قومە چاکانەوە چایخانەکە پڕ دەکا لە دەمی شیرین،
هەر منم زرەی پیاڵەم دێ و باران تاوتاو دەبارێ
باران دەبارێ و مەریوان سەوزتر ئەبێ و من دوکەڵاوی تر،
من خەیاڵاوی تر لە تەم، هەڵم لە جلەکانمەوە هەڵدەستێ و
لە دڵی خۆمدا دەڵێم خودایە مەریوان چەند جوانە و
منیش چەند خەمبار.
باران دەبارێ لە مەریوان
عەرەبانچییەک سێوێک دەکات بەدەم ئەسپێکەوە و
منداڵێک دوای هەنگاوەکانی باوکی دەکەوێ و پێی ناگات،
قەسابێک پێستی کەللە گایەک دەگورێ و
جـۆگـەلەیەک زیخـە لە سنگە باریکەکـەیەوە دێ و بێ چاوەڕوانی کـەس
دەڕوا.
دڵۆپە بارانەکان بەسەر شووشەی پەنجەرە شینەکاندا دەخزێن و

دڵ وەک ژووری تاریک پڕ دەبێ لە فەرەحی و نووری ئاو.
سوولەی گوێسوانەکان خۆیان لە قسەی ڕێبواران هەڵەقورتێنن،
پرشەیان پێستی ژێر عەبای کچانی زەمبیلە بە دەست دەخورێنێ و
ژێر گوێسوانەکان پڕ دەکا لە جیکەی شپرزەی پەڕەسێلکەکان.
باران گوڵی دەسکە ڕێواسەکانی بەر دوکانی بەقاڵێک دەوەرێنێ و
دەنکە چواڵەکان لە عەزرەت دووری کرتەی ژێر ددان جیڕ دەبنەوە،
حەسەن زیرەک بەم بارانە لەبەر دەرگای گەرماوێکدا
گۆرانی بۆ قومری دەڵێ.
کیژۆڵەیەکی تا گرتوو لەبەر پەنجەرەیەکدا
دوای خوێندنەوەی شیعرێکی فەروغ
وێردێک بە دڵۆپە بارانێکدا دەنێرێ و
لە پەڕینەوەی چوار ڕیانێکدا دەتکێتە ناو چاوی من.

ئێستا لە مەریوان باران دەبارێ...



## من وام، هاوڕێم

٢٠٠٤/١/٢١

بە تەڕی ماچەکان سەوزم کەرەوە
بە لەرەی ترپەی چراکان دڵم داگیرسێنە.
سنگم پڕکە لە پەنجەرە و
ڕۆحم لە هێلانەی بادا بەجێبێڵە.
ڕومەت بنێ بە دڵمەوە
تا تینی گەرمی سەر بلووری هەموو چراکانی پێ بگا،
ئەگینا دڵم ئەکەوێتە زەریایەکەوە و
ئەبێت بە نەهەنگێکی توورە و تەنیا.
وەک سوانی بەرد بە دەم باوە
هەمیشە
یەخسیرم کە بە بینین،
تا هێندەی ڕووناکی سەر تاڵی جاڵجاڵۆکەیەک
نیگام لەو وێنانەدا چەکەرە بکات کە ئەیانبینم.
لە حەیبەت وەسوەسەکانی دڵی خۆم
زەویم لێ ئەبێ بە گوڵخانەیەکی گەورە و
مرۆ بە درەختگەلێکی تۆتکە نەگرتوو و بزێو.
دڵم وەک زەردەی ئێواران ئەلەرزێ لە عەشقا،
وەک ماتی ئالآیەکی بەجێماوی جەنگێکی دۆڕاو

تک تک خەیاڵاتم لێ ئەچۆڕێ.
خودایە دڵم وەک چرایەک پڕکە لە ترپە ترپی ژیان
تا گەرمی دڵی خۆم بە ئەمانەت ببەخشم بە شەمامەیەک تا ئاڵبێ،
عەجوولیم بخەمە ناو دەنووکی زەردی بە بەچکە چۆلەکەیەکەوە تا فێربێ.
پڕمکە لە سەبری گەیینی باوکایەتی، لە چاوەڕوانی لێڵی بۆ ڕوونبوونەوە،
لە بێ فیزی جنۆکە، لە گەشکەی ڕێکەوتی جوانی.
هەلاهەلام کە بە دەنووکی تاق تاق کەرە، تا ڕەشەبا لە مندا ڕەنگی خۆی لەبیرکا،
وەک بوورکان گەرمم کە، ببەخشە بە بوومەلەرزە لەبەرخاتری سەوزبوونی چڵێ گیا،
وەک کرمێک هێزی گێڕانەوەی ژیانم لەناو کتێبی مەرگا پێ ببەخشە،
وەک عاشقێکی بە ناهەق کوژراو تۆوی وەنەوشە لە توێی برینەکانما شێن کە،
حەسرەتەکانم وەک گوڵی هەڵوەریوی میوە بەرە دەم با،
هێندەی ئاڵبوونی کلۆیەک گڵ دڵخۆشم کە بەخەونی سەوزبوون.
یەخسرم کە بەبینینی مژدەیەک کە بەرێوەیە،
مژدەیەک کە کۆیلەی هاتنە،
بە داگیرسانی گوڵەئەستێرەیەک لە کۆڵانی شەودا،
بە نوکی زمان، تامکردنی شەونمی دووتوێی گوڵەباخێک،
بە هەڵمژینی وێنەی باخێکی سەوز لە چاونووقاندنی هەناسەیەکدا،
بە کۆکردنەوەی تەنکە توێژاڵی ڕووناکی سەر گەڵایەک، لە دڵۆپێکدا،



بەدەنگی تکاوی قەترەیەک ئاو لە دەفری بێدەنگییا،
لە بریسک و باقی نیگا جوانی
کە تا عومر باقی بێ لەسەر نووکی پێ بەلامدا تێ دەپەڕێ و دەڵێ چۆنی.
بە دڵخۆشی دەمکردنەوەی چرۆیەکی مۆر لە بەژنی ئەرخەوانا،
لە خنەخنی سەرکەوتنی کیسەڵێک بەسەر بەردێکدا،
لە ختووکەی گەرمی ژێرباڵی پووشکەبەقنگە بەسەر گۆمێکی شینەوە،
بە ئاستەم هەستانی هالاوی کلۆیەک بەفر لەسەر لوتکەی کێوێک،
خەنیمکە لە خۆشی خرمەخرمی تاڵێک گیا لە دەمی هەزارپێیەکدا.
هەڵمکێشە لە جواناوی شۆردنی قاڵییەک کە پڕ بێت لە نەخش و نیگار،
خودایە یەخسیری جوانییەکانم کە، با دڵی ناشیرینی نەیەشێ،
دەنا دەمە عەبدێکی ڕسوا و نابینا.
خودایە بمدەرێ،
عەشق و بێدەنگی و تەنهایم بەرێ،
ئاگر و بێدەنگی و تەنهاییم بەرێ،
ئاگر و کرێوە و تەنهاییم بەرێ،
ئاگر و کرێوە و خەیاڵم بەرێ.

## ناوەڕۆک


کڵاوەکەم پڕە لە باران و گوڵ ١٩٩٤ ........ 7
بۆنی دەریا لە ژێر باڵی نەورەسەکاندایە ........ 9
کیشوەرێک لە خەون هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی ١٩٩٢–١٩٩٨ ........ 21
منداڵێتی خەون .... کیشوەرێک لەخەون ........ 23
سیگار ........ 31
پێغەمبەری ئاو ........ 33
قارچکە ترسنۆکەکانی جەنگەڵ !!! ........ 40
ئێوارە دەڕوا و من لە جۆگەلەی ڕەنگدا دەخنکێم شیعرەکانی ١٩٩٢–١٩٩٨ ........ 43
لە پەنجەرەیەکی مەنفاوە ئاسمانێک سڵاو بۆ هاوڕێکانم ........ 45
دوعایەک بۆ تەنهایی ........ 49
ئێواران شوعلەی مۆمێک، بەسە بۆ حونجەکردنی غەریبی ........ 50
ئێوارە دەڕوا و من لە جۆگەلەی ڕەنگدا دەخنکێم! ........ 52
لەپی دەستم بۆی شەمامەی خاکێکی لێ دێت لەوپەڕی دنیا ........ 56
چاوەکانمان ........ 61
خودایە، ئەم دڵتەنگییە تاکەی ........ 62
پۆترێتێک. کاڵ کاڵ وەک شەبەنگ ........ 64
سێوی سوور ........ 66
کە با هەڵی کرد نامەیەکم بۆ بنێرە ........ 71
گوڵنارێک لە سنگمایە هەنارێک دەگرێت ........ 74
ئەو ڕۆژەی دەمرم باران لە پەنجەرەکەم دەدا ........ 77
تا سیلەی کۆڵان بەدەم مۆسیقاوە پیاسەیەک ........ 83
ڕۆژێک دێ کچێکم لەم شارە خۆش دەوێ ........ 86
من وام، هاوڕێیم ........ 88




## بەرهەمەکانی ساڵی ٢٠٠٤

(٢٢٢) سیاسة التعریب في إقلیم کُردستان العراق - دراسة وثائقیة- إعداد: مجموعة من المؤلفین.
(٢٢٣) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا.
(٢٢٤) الأمیر الکُردي - میر محمد الرواندزي. تألیف: جمال نَبَز. ترجمة: فخري شمس الدین سیلاحشۆڕ
(٢٢٥) گەنجە ئازاکەی سەر جۆلانەکە. هەڵبژاردەیەک لە کورتەچیرۆکی بیانی. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن.
(٢٢٦) ئیسلام و ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا. سەرەتایەک لە بارەی کۆمەڵناسیی ئایینەوە. موسڵح ئیروانی.
(٢٢٧) دیداری سەرەک کۆمار. شانۆگەری. نووسینی: ڕەئووف حەسەن.
(٢٢٨) داستانی حەسەن و حوسەین، داستانێکی فۆلکلۆری کوردییە، ساخکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: هەردەوێڵ کاکەیی.
(٢٢٩) ملوانکەی ستیل - کۆمەڵە چیرۆک، محەمەد فەریق حەسەن.
(٢٣٠) جووتیارێکی زیرەک، کۆمەڵە چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەمیری حاجی داود.
(٢٣١) پاپۆڕی فڕیو، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە، محەمەد فەریق حەسەن.
(٢٣٢) دار گێلاس، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: محەمەد فەریق حەسەن.
(٢٣٣) کچە ئەستێرە، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: محەمەد فەریق حەسەن.
(٢٣٤) الکُرد، دراسة سوسیولوجیة وتأریخیة، ألفە: باسیلي نیکیتین، نقلە من الفرنسیة وعلق علیە: الدکتور نوري طالباني.
(٢٣٥) فەرهەنگی قانونی. دانانی: د. نووری تاڵەبانی.
(٢٣٦) منطقة کرکوك ومحاولات تغییر واقعها القومي، تألیف: د. نوري طالباني.
(١٣٧) هەولێر لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا ١٨٢٠-٢٠٠٠، سەمیر ساڵح.
(٢٣٨) ناوچەی کەرکووک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەییی ئەم ناوچەیە، دانانی: دکتۆر نوری تاڵەبانی، وەرگێڕانی: محەمەدی مەلا کەریم
(٢٣٩) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. دانانی: پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین.
(٢٤٠) کوردستان لە چاپکراوە عوسمانلییەکاندا. فەیسەڵ دەباغ لە تورکیی عوسمانلییەوە کردوویە بەکوردی.

(٢٤١) کەس وەک من تۆی خۆش ناوێ – کورتە چیرۆک. نووسینی: سەحەر رەسایی.

(٢٤٢) بارزانیی نەمر لە ..١ ساڵەی بوونیدا – کۆمەڵە وتار. نووسینی: سەرباز هەورامی.

(٢٤٣) باوک – شانۆنامەی هاوچەرخی سویدی. نووسینی: ئۆگۆست ستەرندبێرگ. وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د.فەرهاد پیربال.

(٢٤٤) ناوچەی کەرکووک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەییی ئەم ناوچەیە (بەزمانی ئینگلیزی). دانانی: دکتۆر نوری تاڵەبانی.

(٢٤٥) نامەکان بەر لە مردن ناخوێنرێنەوە – کورتە چیرۆک. نووسینی: کازیوە ساڵح.

(٢٤٦) کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان. مێژوو. نووسینی: حامید گەوهەری.

(٢٤٧) هوية كركوك الثقافية والإدارية. تأليف: محمد علي قرداغي.

(٢٤٨) رۆمیۆ و جوولێت – شانۆگەری. نووسینی: شەکسپیر. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئازاد حەمە شەریف.

(٢٤٩) خەباتی رزگاریخوازی کورد و ئازەر لە ئێران. نووسینی: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد. گۆڕینی بۆ کوردی: ئازاد عوبێد ساڵح.

(٢٥٠) بەفرنووس و ئەوانی تر – دیوانی شیعر. شیعری: دڵشاد عەبدوڵڵا.

(٢٥١) خەون وا خۆی گێڕایەوە. دیوانی شیعر. سەباح رەنجدەر.

(٢٥٢) فیلسۆفەکانی مۆدێرنیتە لە دێکارتەوە تا هایدگێر. نووسینی: بێرتران ڤێرژۆلی. وەرگێڕانی: محەممەد رەحیم ئەحمەدی.

(٢٥٣) نڤیسار. کۆمەڵێک بابەتی تیۆری. بەرگی یەکەم.

(٢٥٤) گەلاڵەی پارادایمی پەرەسەندنی کولتووری بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان. نووسینی: بەختیار سەجادی.

(٢٥٥) نەتەوەخوازی. ئەنتۆنی دی سمیس. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هوشیار عەبدورەحمان سیوەیلی.

(٢٥٦) ئۆکتاڤیۆ پاز: بەردی سپی و رەش – سان ژۆن پێرس: ئاناباز. وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر.

(٢٥٧) إحياء القلوب – شرح مولانا الشيخ عبدالقادر الرافعي الفاروقي الطرابلسي على حكم شيخه محمود الكردي الخلوتي قدس الله روحهما ونور ضريحهما.

(٢٥٨) ستایش. شیعر: نەزەند بەگیخانی.

(٢٥٩) ئەو پەیڤانەی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێن. شیعری: حەمەسەعید حەسەن.

(٢٦٠) عەقیدەی ئیمان – عەقیدەی کوردیی. کۆ و کورت کردنەوەی: خالید شارەزووریی نەقشبەندیی (مەولانا خالید). ئاشناکردن و لێکۆڵینەوەی: کەمال رەئووف محەممەد

(٢٦١) ئەدەبی نامەنووسینی کوردی. کەمال رەئووف محەممە. جزمی: ١

(٢٦٢) ئەدەبی نامەنووسینی کوردی. کەمال رەئووف محەممە. جزمی: ٢



(٢٦٣) ئەدەبی نامەنووسینی کوردی. کەمال رەئووف محەممە. جزمی: ٣

(٢٦٤) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الأول. جرجيس فتح الله.

(٢٦٥) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الثاني. جرجيس فتح الله.

(٢٦٦) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الثالث. جرجيس فتح الله.

(٢٦٧) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الرابع. جرجيس فتح الله.

(٢٦٨) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الخامس. جرجيس فتح الله.

(٢٦٩) گوڵزاری هەورامان. لێکۆڵینەوە و پشکنین و بەراوردکاری: محەممەد ئەمین هەورامانی. بەرگی یەکەم.

(٢٧٠) گوڵزاری هەورامان. لێکۆڵینەوە و پشکنین و بەراوردکاری: محەممەد ئەمین هەورامانی. بەرگی دووەم.

(٢٧١) کورد تورک عەرەب. سیسیل جۆن ئیدمۆندس. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حامید گەوهەری.

(٢٧٢) رۆژانی گوڵڕەنگ و شانۆی سالار. ئەحمەد سالار.

(٢٧٣) سێ قوربانییەکە. عەبدولمونعیم غولامی. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئیحسان ئیروانی

(٢٧٤) رێچکەکانی برسێتی – رۆمان. جۆرج ئەمادۆ. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: هیمەت کاکەیی.

(٢٧٥) سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح. کتێبی دووەم.

(٢٧٦) سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح. کتێبی سێیەم.

(٢٧٧) هەڵسانەوە. شیعر: سامی شۆڕش

(٢٧٨) جێگایەکی تر– کۆمەڵە چیرۆک. گوڵی تەرەقی. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی.

(٢٧٩) دار تووە تەنیاکە– سێ نۆڤلێت. چنوور نامیق حەسەن.

(٢٨٠) ئاوێنە شکاو. بیرەوەریی هێدی "خالد ئاغای حیسامی".

(٢٨١) سێوی سوور. شیعر: هیوا قادر.

(٢٨٢) هێشووی عەشق. شیعر: مەهاباد قەرەداغی.

(٢٨٣) ئاشتیی کوردستان– رۆمان. نووسینی: محەممەد ساڵح سەعید.

(٢٨٤) بەتاو پێکدا دەبارین. شیعری: نیگار نادر.